بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

لەم سەردەمەدا . لەم چەرخە پڕ لەفیتنەو و گێژاوی نارەحەتی‌یەدا .. کە سەردەمێکە زۆر لەم سێ سەدە چاکترینەکەی یەکەمەوە دوورە ، زۆر گرفت ڕێگامان دەگرێ ، . پەکمان دەخات . لەکاروان دوامان دەخات . کە هەندێکیان لەلایەنی بێ بڕوایانەوە نەخشەی بۆ کێشراوە و بەشێکیشیان جی بەجێ کردنی لەلایەن خۆمانەوەیە . بەڵێ..بەهۆی زۆربەی گرفتەکانی خۆمانەوە واق داماوین ، لەجیاتی ئەوەی کەسێك کوفرو پیلانەکانیت پێ بناسێنێ و ئاگادارت بکاتەوە ، دێت ئیسلام و ئیسلامیەکانت لێ دەکاتە دێوەزمەو بەئارەزووی خۆی قسەو بوهتانی نابەجێ دەداتە پاڵیان و هەندێ هەڵەی تاکە تاکەیان دەکاتە سەنگی مەحەکی هەموویان ، کە ئەمەشە بووتەهۆی ئەو بوغزو کینەی موسڵمانان لەیەکتری هەیانە و سەری کێشاوە بۆ ئەو دەمارگیریەی ئەوەی لەکۆمەڵی خۆت نەبێ دەیبوغزێنی و مافی وەکو ئەمی یەکەم نادەیتێ ! !

پێم وایە ئەم کارەی ئەم کەسانە دەیکەن بەناوی دڵسۆزی یەوە نەشتەرگەری‌یەکی زۆر سامناکەو کەسێکی پێویستە دکتۆر بێت لەو بوارەدا ولە بەڵگە نەقڵی و عەقڵی یەکان و واقیع شارەزابێت . دەبێ ئاگای لەو حاڵە بێت کە موسڵمانانی جیهانی تێ کەوتوە.

وەبزانێ بەئاش بەتاڵ و پەرتەوازە بوونی ئەم کۆمەڵە ئیسلامی‌یانەی جیهانیش قوڕەکە خەست تردەبێتەوە و بۆ ڕیش دەچین سمێڵی تێ دەنێین ! !

کەواتە ئەوەندەی خەریکن بەمەوە باڕوو بکەنە کوفرو نەشتەری ئەو بکەن ، ئەگەرنا بادەست نەدەنە کارێك کە کاریان نەبێ و باسی ڕابونێك نەکەن کە جوڵەی ئەمانی تێدانی‌یە.

من لێرەدا دەڵێم لەگەڵ ئەوەدا كە پێم وایە كوفر نیشانەی ئێمەیە دەبێت بزانین كە زۆر گرفتیش هەیە لەناو خۆماندا كە پێویستە چارە بكرێت بەوەی بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی ئیسلام و یەكبوون و یەكڕیزی نەك ئاش بەتاڵ كردن . وەپێویستە چارەسەر ی نەخۆشی و دووبەرەكی و بوغزو غەیبەت و دەمارگیری و حیزبایەتی بكەین تا ناوەستا خۆی نەكردوە بە وەستاو سەری لەكارەكەمان تێك نەداوە .

بەڵێ : ئەوەی كە دەڵێ موسڵمانان ئاش بەتاڵ بكەن و لە دەوری ئەم بزووتنەوانە بڵاوە بكەن : ئەی چارەو بەدیل چیيە ؟ ئایا جێی بهێڵێت بۆ كوفر ؟ كێ بجولێ و بجەنگێ ؟ ئەی موسڵمانان تاكەی بخورێت و بگیرێن و بكوژرێن و دەربەدەر بكرێن ؟

بۆیە ئەم قسانە دەردە نەك دەرمان و هەركەسێك ئەم قسانەگاڵابكات ئەوا بێ گومان پێی بزانێ ونەزانێ كوفری دڵ خۆش و بەهێز كردوە و لایەنگیری كردوون بەقسە؟! كەواتە چارەسەر گەڕانەوەیە بۆ شەرع ویەكبوونە .. پێشنیاری ئەمەمان قبوڵە نەك شتی تر.

بۆیە لێرەشدا خوای گەورە فەزڵی وەرگێڕانی ئەم نامیلكەیەی پێ بەخشیم كە پیاوێكی شارەزای وە( أبن تیمیە الحورانی) چەند ئامۆژگاریيەكمان دەخاتە بەردەست تا هەنگاومان بەپێی شەرع بێت و ئامانج پێكەر بێت . داواكارم لەخوا كە هەموومان گرێ بدات بەیەكەوە و ئەو بەش بەشیيەی ئومەتی ئیسلامی خۆی یەكی بخاتەوەو نە گومراهمان بكات و نە گومڕاكەر بین و لەمانا شەرعیيەكان زیاتر شارەزامان بكات .

**حەمزە بەرزنجی**

**١٤١٩ كۆچی**

# پێشەكی لێكۆڵەرەوە
# (مقدمة المحقق)

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونستهديه . ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا . من يهده الله فهو المهتد . ومن يضلل فلا هادى له . واشهد أن لاإله إلا الله وحده لاشريك له ، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله .. أما بعد :

ئەمەبریتیيە لە پەیامێكی بەسوودی بەكەڵك . كەوا شێخی ئیسلام أبو العباس بن تیمیە (ڕەحمەتی خوا ی لێبێت ) تیایدا باسی حیزب دروست كردنی كۆمەڵێ لەموسلمانانی نیشان داوە لەدەوری كەسێك – سائیتر ئەوكەسە لەوانەبێ كەیادی خوا دەكەن یان لە غافڵەكان بێت – یان ئارەزووی حوكمی بەسەردا كردبێ یان نیگا (الوحی) . وە باسی دەمارگیری دەكات بۆی و وەرگرتنی پەیمان و وەسیقە لەسەر گوێڕایەڵی كردنی و سەرپێچی نەكردنی و جێ بەجێ كردنی فەرمان و نەهی یەكانی ! !

برای خوێنەر .. لەوە دەچێ لەمێشكدا پرسیارێك دروست ببێت : ئایا لەناو موسڵمانانداشتی وا ڕوودەدات ؟ لەكاتێكدا كەخاوەن چاكەو تەقوا و زانست و كردەوەیان تیایە ! !

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم : ( بەڵێ ، دەمارگیری – لەكۆن و نوێ دا – بۆ مەزهەب و ڕێگا كان و كەس و ڕێكخراوو كۆمەڵ و بانگە وازەكان بنچینەكەی دووشتە:

یەكەم : سروشت و ڕەوشتی مرۆڤ وایە كە لەسەر شتێك كۆنابنەوە مەگەر بزانن كەوا خێری تێدایە بۆیان . وە لەوانەیە ئەم بیرو باوەڕەی هەندێكیان لەڕووی تەجرەبەو تاقی كردنەوەوە بێت و هەندێكی تریان لەڕووی شوێن كەوتن و تەقلیدی كوێرانەوە بێت بۆ ئەو شتەی كە بڕوایان وایە فەزڵ و تەواوی تیدایە ! !

دووەم :وەهەروەها سروشتیان وایە كە ئەو شتەی ئولفەتیان پێوەگرتووە بەڕازی بوون و تەسلیم بوونەوە وەری دەگرن و خووی پێوە دەگرن و ئەگەر كەسێك شك بەرن پێچەوانەی ئەوەبێت دەماگیریان بۆ دروست دەبێ بۆی و هێزی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ هەڵهێنجانی ئەو بەڵگەیەی كەئەمان تەئكیدی لەسەر دەكەن و دەیچەسپێنێ و بەرهەڵستی هێرشەكانی پێچەوانەكانی دەكەن بۆی و ئاوڕ نادەنەوە لەمەدا بۆلای گەڕان بەشوێن حەق داو لاناكەنەوە بەلای دیاری كردنی لای ڕاست لەمەدا كە دژواریان هەیە تیایدا .

وەلێرەدا مەسەلەیەك هەیە کە دەبێت ئیشارەتی پێ بدرێت و ڕوون کردنەوەیەکی بێ شاردنەوەی لێ بکرێت : بەبێ گومان ئیش کەرەکانی ئیسلام لەم چەرخەدا پێویستە زۆرێك لە چەمك و بۆ چونەکانیان ڕاست بکەنەوە :

***یەکەم : لەبەرانبەر سەرکردەو بە رپرسیارەکانیان .***

***دووەم : بەرانبەر شێوازو ڕێکخستن و زاراوەکانیان .***

***سێ یەم : بەرانبەر هەموو موسڵمانان .***

وەشێخی ئیسلام لەم پەیامەیدا خاڵی یەکەم و کۆتایی چارەسەر کردووەو تیایدا باسی حەڕامێتی تەعەدا کردنی کرووە بۆ سەر یەکێك لە موسڵمانان و ئەزیەت دانی بەگوفتارو کردەوە و بەناڕەوا . وەباسی کردووە کە جائیزنی نیە بۆ هیچ کەسێك کە کۆبوەتەوە لەحیزبی مامۆستایەکدا کە گوێڕایەڵی مامۆستاکەی بکات لە سزادانی یەکێك لەسەر جەمی موسڵمانان لەبەر ئەوەی تەنها مامۆستاکەی فەرمانی کردووە پێی یان نەهی کردووە . بەڵکو پێویستە لەسەری تێ بگات لەمە سەلەکەو حاڵی بێت و پاشان سزا بەئەندازەی تاوانە بەبێ زیادە.

وەباسی واجبێتی چەسپاندنی لەمەسەکەدا کردووە لەکاتی مشت و مڕی نێوان مامۆستاو مامۆستایەك یان قوتابی و قوتابییەك یان مامۆستاو قوتابییەك . وەباسی حەڕامێتی سەرخستنی کەسێکی کردووە بەنەفامی و ئارەزوو سائیر خاوەن هەقەکە دۆست و نزیکی بێت یا دوربێت لێوەی .

وە دەربارەی چارەسەری خاڵی دووەم دەڵێین : لەم ڕۆژەدا لەناو پۆلی ئیش کەران دا بۆ ئیسلام کۆمەڵێك تێگەیشتن هەیە کە پێویستە ڕاست بکرێتەوە ئەگەر بەئاسانی ڕاست نەکرێتەوە دەبێتە هۆی : بەردەوامێتی لە چاندنی ئەو بەربەستانەی کە دڵەکان پارچە پارچە دەکەن و ڕەنجەکان پەرتەوازە دەکەن .

وە ڕێگر دەبێ لەسوود وەرگرتنی دۆزینەوەی چاوڕۆشنی لە ئەزموونەکانی ئیشکەرەکانی ئیسلام لەسەر گۆی زەویدا . وێڕای سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی غەیری خۆیان . وە بەگشتی ئەو شتانەی کەپێویستە ڕاست بکرێتەوە لەلایەن زۆربەی زۆری نەوەکانی بزاڤی ئیسلامی :

***یەکەم : چەمکی بەیعەت ( البیعة )***

***دووەم : چەمکی کۆمەڵ ( الجماعة )***

وە شێخی ئیسلام ( ڕەحمەتی خوای لێبێت) چەمكی یەكەمی خستۆتە ڕوو .

لەگەڵم دا ڕامێنە بۆ ووتەكەی لەم بارەوە : ( بۆ هیچ كەسێك نیيە – واتە لەمامۆستایان – كە پەیمان لەكەسێك وەربگرێت بەگونجانی لەهەموو ئەوانەدا كە دەیەوێت و دۆستايەتی ئەو كەسە بكات كە ئەم دۆستێتی و و دوژمنايەتی ئەو كەسە بكات كە دوژمنێتی .

بەڵكو هەركەسێك ئەم كردارە بكات ئەوا لەڕەگەزی جەنگیز خان و هاونموونەی ئەوە لەوانەی كە هەركەسێ موافەقەیان بكات لایان دەبێتە دۆستی والی و هەركەسێك دژایەتیان بكات دەبێتە دوژمنی لادەر . بەڵكو لەسەر خۆیان و شوێن كەوتوانیان پێویستە كە پەیمانی خواو پێغەمبەرەكەی بەحێ بهێنێت بەوەی كە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بكەن و ئەو كردەوەیە بكەن كە خواو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیان پێ كردووەو ئەوشتە بەحەرام بزانن كە خوا و پێغەمبەرەكەی بەحەرامی دەزانن)

***وەبۆ ڕوون كردنەوەی مەبەستمان دەڵێین :***

كاتێ جیهانی ئیسلامی كەوتە ناو شێوی دۆڕانەوە بەهۆی نەفامێتی و دواكەوتن و پارچە پارچە بونیەوە . ڕۆژئاوا توانی زۆربەی بەشەكانی وولاتی موسڵمانان بخاتە ژێر دەستەڵاتی سەربازی و ئابووری و شارستانیەتی خۆیەوە . لەبەر ئەوە كەوتنەكە زۆر كاریگەر بوو .

وە بەهۆی ئەو كەوتن و شكستەوە كۆمەڵێك پیاو بەخەبەر هاتن و بانگەوازی ئەم ئومەتەیان لەئەستۆگرت بەرەو هەستانەوە لەو كەوتنەوە ڕەنجێكی زۆر جێی سوپاسیان سەرف كرد لەكرداریگەڕاندنەوەی متمانە بۆ ئیسلامدا كە تەنها ئەوە بەڕاستی پرۆگرامی كامڵی ژیانە . دوای ئەوەی ئەم ڕاستیە لەدڵ و ئەقڵەكاندا لەرزۆكی تێ كەوتبوو

كۆمەڵێك لەموسڵمانانیش وەڵامی بانگەوازی ئەو پێشڕەوانەیان دایەوەو لە دەوریان كۆبونەوە و لەدایك بوو یەك هاتە بوون كەناوی دەبەین بەو ( بزووتنەوە ئیسلامیيە هاوچەرخ) ەی كە لە سەر گۆڕەپان دا خۆی دەنوێنێ لەچەند ( ڕێكخراو)یك دا .... وە ئاسایی بوو كە ئەو ڕێكخستنانە بەرەو بانگەوازی موسڵمانان بجوڵێ تا كۆببنەوە لەدەوری . وەهەوڵ بدا بۆ یەكخستنی ووزەكانیان بۆلای وزەكەی خۆی ، وەبۆ ئەوەی بەڵگە بچەسپێنێ لەسەر واجبێتی یارمەتی دان و كۆمەكی كردنیان لەپێناوی هێنانەوەی دروشمە ئیسلامیيەكان دا پەلاماری دەقە ئیسلامیيەكانیان دا – كە ئەمەش ڕەواو هەقە – تا ئەوەی لێوە دەرخەن كەوا بڕوا بكرێ و بەهانەی پێ بچەسپێ و برینەكان تیمار بكات.

وەدەرخستنی چەند دەقێكی دیاری كراو لەنیگاو وەحی لە زروفێكی شازدا كارێكی ئاسان نىيە ئەم كردارە پێویستی دەكات لەسەر ئەو كەسانە كە زانستێكی شەرعی یان هەبێ و وەستابن لەسەر پەیڕەوی كردنی قورئان و سوننەتی صحیح و زانینێكی تەواو دەربارەی واقیع . دەرهەق بەزروفی ئەو ماوە زەمەنیەی كە مرۆڤایەتی پێدا تێ دەپەڕێ . وەپاشان توانای گرێ دانی دەقەكانیان هەبێت بەواقیعەوە . بەجۆرێ ڕوونەدات واقیع دابەزێنرێتە مەیدان بەبێ زانیاری لەسەر دەقێك لەدەقەكان .یان دابەزاندی دەقێك بەنەفامی بۆ سەر واقیعێكی دیاری كراو ، وەلەوەوە چەندەها لادان ڕوودەدات كەترسناكیيەكەیان پلەپلەیە .

وەلەكۆیئەو دەقانەدا كە خرانە ڕوو لە گۆڕەپانی كاری ئیسلامی بزاڤی دا بەجۆرێ كە بەرهەمێكی پەروەردەیی ترسناكی هەبوو . ئەو دەقانەیە كە هانی خەڵكی دەنێ لەسەر (بەیعەت) و فەرمان دەكات بە (گوێڕایەڵی و كۆمەڵ)

وەدەقەكان لەم مانایەدا زۆرە ، ئێمە واز دێنین بەباسكردنی هەندێكیان لەگەڵ دەست نیشان كردنی ئەو ترسناكیيە شاراوەی كەلە تێگەیشتن دا بۆ ماناكەی دەكەوێتەوە :

روى مسلم فى (صحيحه) عن أبن عمر رفعه إلى النبى(ﷺ) : ((**من خلع يدا من طاعة لقي الله يوم القيامة ، ولا حجة له ، ومن مات وليس فى عنقه بيعة ، مات ميتة جاهلية**))..واتە: هەركەسێك دەست هەڵگرێ لە گوێڕایەڵی یەك ئەوا لەڕۆژی دوایىدا دەگات بەخواو هیچ بەهانەیەكی پێ نیە ، وەهەركەس بمرێ و لەگەردنی دا بەیعەت نەبێت و بەیعەتی نەدابێت بەمردنێكی نەفامێتی دەمرێ .

وروى مسلم فى ( صحيحه) أيضا وأحمد فى ( المسند) والنسائىفى (المجتبى) من حديث أبى هريرة مرفوعا : ((**من خرج من الطاعة ، وفارق الجماعة فمات مات ميتة جاهلية ، ومن قاتل تحت راية عمية ، يغضب لعصبة ، أو يدعو الى عصبة ، فقتل فقتله جاهلية ، ومن خرج على أمتى يضرب برها وفاجرها، ولايتحاشى من مؤمنها ولايفي لذى عهد عهده ، فليس منى ولست منه**)) واتە: هەركەسێك لەگوێڕایەڵی دەرچێت و لەكۆمەڵ جیابێتەوە ئەوا كەمرد بە مردنێكی نەفامی مردووە ، وەهەركەس لەژێر بەیداخێكی كوێرانەدابجەنگێ و تووڕە بێ لەبەر دەمارگیری ، یان بانگەوازی دەمارگیری بكات و بكوژرێ ، ئەوا بەنەفامی دەكوژرێ وەهەركەسێك دەرچێتە سەر ئومەتەكەم و لەچاكە كارو خراپەكار بدات و دەستی نەپارێزێ لە ئیماندارەكانیان و وەفای نەبێ بەرانبەر پەیمانی كەسێكی خاوەن پەیمان ئەوا لەمن نىيە و منیش لەو نیم .

ئەم دەقانەوە ئەو مانا یانەی لێی وەرگیراوە چەند کێشەیەکی سەرەکی دەردەخات لەتێگەیشتنی سروشتی کاری بەکۆمەڵ لەم سەردەمەماندا .

**دیاری ترینیان دوو کێشەیە :**

## کێشەی یەکەم

# ئەو بەیعەتە کامەیە کە موسڵمان گوناهبار ئەبێ بەواز لێ هێنانی؟

ئایا بەیعەتی شێخە یان سەرکردەی ڕێکخستنێکی ئیسلامییە ؟وە ئاخۆ ئەو شێخە یان ئەو سەرۆك ڕێکخستنە کێیە کە شیاوی بەیعەت پێ دانە ؟

چونکە شێخەکان زۆرن و ڕێکخستنەکانیش زۆرن !! یان ئەم بەیعەتەی کەموسڵمان گوناهباردەبێ بەواز لێ هێنانی ئەو بەیعەتەیە کە بۆ ئەو فەرمانڕەوای موسڵمانەیە کەبە پێی شەرعی خوا نیشتەجێ بووە ؟

وەئەگەر ئەمەیان مانای دیاری کراو بێت . وەموسڵمانان دەستەلات و فەرمانڕەوای شیاویان نەبێت بۆ بەیعەتی شەرعی واجب ئایا گوناهبار دەبن لەم حاڵەتەدا ؟ یان کاتێ گوناهبار دەبن کە فەرمانڕەوای موسڵمان چەسپاو بەیعەتیان نەدایە ؟

ئەوەی کە بۆمان ڕوون دەبێتەوە و دەردەکەوی لەسەرجەمی دەقەکانی (بەیعەت) : ئەوەیە کە ئەو بەیعەتەی کە واجبە بریتییە لە ( بەیعەت دان بەفەرمان ڕەوای موسڵمان ) وە ئەمە واجبەو موسڵمان گوناهبار دەبێت بە واز لێ هێنانی لەگەل توانای بەسەری دا . بەڵام ئەگەر توانای نەبوو یان مەرجەکانی تێدا نەهاتە دی گوناهبارییە کە لادەچێ ... واللە أعلم.

ئەو شتەی کە پاڵی پێوە ناین بۆ باس کردنی (بەیعەت) زۆر باس کردنی ئەو فەرموودانەی بەیعەتەلەکاری ئیسلامی بەکۆمەڵ دا . وە زۆر لە ڕێکخستنەکان ئەم فەرمودانە دێنێتەوە بۆ کارکردنە سەر خەڵکی و قەناعەت پێکردنیان بە پێویستی ڕێکخراو بوون لە پۆلەکەیدا . وە لەمەوە ئەو قەناعەتە دروست دەبێ کە هەمو ئە وانەی بەیعەت لەگەردنیان دا نییە وەك بەیعەتی بۆ (ڕێکخستن)گوناهبارن . وە ئەترسن کە بەمردنێکی نەفانی یانە بمرن !! وە ئەمە هەڵەیە لەگەیشتن داو دەبێتە هۆی چەند هەڵوێستێکی پەك کەوتوو وەئێستا برای خوێنەر چەند چەپکێك لەووتەی زانا ناسراوەکانت بۆ دێنمەوە تا زیاتر ئەم مەسەلەیەت لەلا ڕوون بێتەوە و تاڕاستی تەواو دەرکەوێ بەبێ شاردنەوە لێڵی :

ئیمـام ئەحمـەد لـە ( مسـائل أبـن هـانیء) : ژمـارە (٢٠١١) دا دوای ئـەوەی ووتـەی پێغەمبەری (ﷺ) هێناوە کە دەفەرموێ: ((**من مات ولیس له إمام مات میتـة جاهلیـة**)) واتە: هەرکەسێك بمرێت و ئیمامێکی نەبێ ئەوا بە مردنێکی نەفامێتی مردووە . لـەوەڵامی دا بۆ ئیسحاقی کوڕی ابراهیمی کوری هانیء لەکاتی ڕوودانی پرسیاری دا کە فەرمووی : مانای ئەم فەرمودەیە چییە ؟ فەرمووی (ئەزانی ئیمام کێیـە ؟ ئەوەیـە کـە موسـڵمانان هـەمووی لەسەری کۆدەبنەوە خەڵکی دەڵێن : ئەمە ئیمامە . ئەمەش مانای فەرموودەکەیە).

وە( الکثیری ) لە ( فیض الباري ) دا : ( ٤/ ٥٩) دەفەرموێ : ((**بزانە کە فـەرموودە ئەوە دەگەیەنێ کە مەبەست لە زۆری کۆمەڵی موسڵمانانە . خۆ ئەگـەر پیاوێك یـان دووان یان سیان بەیعەتیان پێ دا نابێتە ئیمام مادام زۆربەیان بەیعەتی پێ نەدەن . یان ئەهلی حەل و عەقد بەیعەتی پێ نەدا**))

وەمنیش دەڵێم : وە لە سەر ئەمە وە دەردەکەوێ کـە ئـەو سـزایە ناچەسـپێ بـەهۆی تەرك کردنی ئەو بەیعەتەی کەلە فەرمووودەکەدا هاتووە : ((**من مات ولیس فی عنقه بیعة ، مات میتة جاهلیة**)) تەنها لەسەر ئـەو ئیمامـە نـەبێت کـە خـەڵکی لەسـەری کۆدەبنـەوە. بەڵام ئەگەر ئیمامیان نەبوو ئەوا ئەو سزایە ناچەسپێ . ئەمـەش لـەوەوە دەردەکـەوێ کـە پێغەمبـەر (ﷺ) ڕێگـای نیشـانی (حوزەیفـە) دا کەلـە کـاتی نـەبوونی کۆمـەڵ و ئیمام دا کەناربگرێ .

وە ئایا ئەگونجێ بڵێیت : پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگەی نیشانی حوزەیفەدا بەم کارە کە بە بـەمردنی نـەفامی بمـرێ ، نـەخێر ، وە بەمـە دا هەڵـەی ئـەو کەسـە دەردەکـەوێت دەست دەگرێت بەم فەموودەیەوە و بەیعەت واجب دەکات بۆ ئیمامێك پێش هەستانی بە بانگـەوازو ڕوون کردنەوە.

وە بزانە کە پێغەمبە (ﷺ) بەیعەتی لە أنصار وەرنەگرت مەگەر دوای ئـەوەی هـەقی ئاشـکرا کـردو ڕوونـی کـردەوە . وەبەیعـەتی پێغەمبـەر (ﷺ) تـەنها لەسـەر ئیمـان بـوو ، وەدەست گرتن بەکردەوەی چاك و دوورکەوتنەوە لـە خراپـە بـوو . وە بەیعـەتی دووەمـیش ڕێ چەسـپان بـوو بـۆ کـۆچ کـردن و گومـان نـەمان بـوو لـە هەڵوێسـتی ئەنصـار لەلایـەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەبۆ ئەوەبوو کە دڵنیا بێت لە هێمنی باری مەدینە .

وە (السید الألوسـی) لـە (تەفسـیرەکەیدا) لـە تەفسـیری (سـورة الجمعـة) دا لـە کـاتی ئیشارەت دان بەووتەی حوا ﴿ ویزکیهم ﴾ ، باسی یەکگرتویی نێوان صۆفیەکان دەکات و لە بارەیانەوە دەفەرموێت : ( .... وە دەڵێن – ئەمە بۆ یە دەکـەین – تـا یـەکگرتووبین . تـا

دڵ ئامادەبین بۆ پیرۆزی ئەو شتەی تێی دەچێت و بەسەری دا دەرژێ . وەهیچ بەڵگەیەك نازانم بۆ چەسپانی ئەم قسەیە كە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتبێ یان لە خەلیفەكانەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) . وەهەموو ئەو شتانەی كە دەیكەنە بەڵگە لەم مەسەلەیەدا و باسی دەكەن لە لەكە بە دوور نییە . بەڵكو زۆربەی ئەو شتانەی دەستیان پێوە گرتووە و دەیكەنە بەڵگە وەكو نمونەی ئەوە وایە دەست بگرن بە كێوەكانی مانگەوە . خۆ ئەگەر لەبەر درێژی نەبوایە باسی هەموو ئەوانەم دەكرد لەگەڵ ئەوەی تیایەتی )

كەواتە تۆ دەبینی ئەو جیهانە گەورەو بەر فراوانەی كەوەستاوە لەسەر یەكگرتوویەتیو تەوجیهەی پیشتوانانی ئەم ڕێگایە دەیلێن هیچ بەڵگەیەكمان شك نەبرد و هیچ شتێك لەوانەی كە دەیلێن جێی ڕەزامەندی نییە . تۆ بلێی نموونەی ئەو فەرمودانەی پێشووی لێ شاردرابێتەوە . لەكاتێكدا كە بەناوبانگ و بڵاوە لە لای ئەو كەسانەی كە سەرەتان لەگەڕاندا چ جای شارەزایانی بەئاگا .

لەگەڵ گریمان دا ئەگەر بڵێین لەم شاردراوەتەوە . ئایا لەلای كەسێگی وەكو شێخ الإسلام إبن تيمية (ڕەحمەتی خوای لێبێت) شاردراوەتەوە لەكاتێكدا پرسیاری لێكرا كە ئایا جائیزە كەیەكێك سەرەتا بێت و پەیمان لەسەر خۆی بدات بە مامۆستایەك تا بەجۆرێ لەحەق و بەتاڵدا لەگەڵیدابێت و دوژمنایەتی دوژمنی ئەو بكات و دۆستایەتی دۆستی ئەو بكات ؟ لەكاتێكدا وەڵامی یەكسەری لەم پەیامەدا یەو باسی بە بەڵگە هێنانەوەی ئەو فەرموودانەی پێشووی نەكردوە بەهیچ جۆرێ . ئەگەر ئەمە شوێنی هێنانی بوایە خۆ ئەمانەی لێ نە شاردراوەتەوە . كەسێك تەماشای كتێبەكانی كردبێ ئەمەی بۆ دەردەكەوێ . بەتایبەتی كتێبی ( **السياسة الشرعية في اصلاح الراعي والرعية** )

وەپاشان ... أبن عابدين (ڕەحمەتی خوای لێبێت ) پرسیاری لێ كرا: كەپیاوێك لەسۆفیەكان پەیمانی وەرگرت لەسەر دەستی پیاوێك پاشان ئەو پیاوە شێخێكی تری هەڵبژاردو پەیمانی دا پێی ئایا یەكەم پێویستەو لازمە یان دووەم ؟

لەوەلامی دا هەروەكو لە ( تنقيح الفتاوىالحامديه): (٢/٣٣٤) داهاتووە فەرمووی : (وەڵام : نە پەیمانی یەكەم نەپەیمانی دووەمی لەسەر پێویست نییە و ئەمە هیچ بنچینەیەكی نییە)

هەروەها (السيوطي) لە (الحاوي للفتاوى) دا : (١/ ٢٥٣) دەفەرموێ : وە محمود خطاب السبكي لە ( الدين الخالص) دا : (٦/ ٢٩٠) دەفەرموێ : وە ئەوشتەی كە ڕوودەدات لە سۆفیەكانی ئەم زەمانە كە دەستیان دەخەنە دەستی پیاوان و ئافرەتان و پەیمانی دان

پێیان كە ببنە قوتابیـان و بیانكەنـە شـێخی خۆیـان تـا دەبنـە مامۆسـتاو هەنـدێك جـار لـە ماڵەكانیان دا بەشداریان بكەن بە خواردن لە ماڵیان دا و هەندێك جار بـەدانی هەنـدێك پـارە كە بیبەخشن لەكاتێكی دیاری كراودا هەروەكو سەرانە بەزۆرداری لێیان دەسەندرێ . ئـەوە بەڕاستی جەریمەیەو فەسادەو لـە دەرەوەی شـەرع دایـەو ئـەقڵ ڕازی نیـیـەپێی . داوا لـە خوا دەكەین بۆ خۆمان و هەموو ئومەت بەتەواوی هیدایەت و تەوفیقی تەواو )

وەئەم ئینكاریە تەنها زانا دواییـەكان ( المتـأخرین) نـەیانكردوە بـەڵكو پـێش ئـەوان زاناو گەورەی تابعی خاوەن سیقە باسی كـردووە كـە ئـەویش (مطـرف ی كـوڕی عبـد الله ی كوڕی الشخیر)ە

أبو النعیم لە (الحلیـة) دا : (٢/ ٢٠٤) دەری هێنـاوە و هـەر لەڕێگـەی ئـەوەوە الـذهبی هێناویـەتی لـە ( سـیر الأعـلام النـبلاء) : (٤/ ١٩٢) بـە اسـنادێكی صـحیح بـۆلای مطـرف ، دەفەرموێ : ( ئێمەدەچوین بۆلای زیدی كوڕی صوحان و ئەیفەرموو : ئەی بەنـدەكانی خـوا ڕێـز لەخـەڵكی بگـرن و جـوان ڕەفتـار بـن ، چـونكە وەسـیلەی بەنـدەكان بـۆلای خـوا بەدووسیفەتە : ترسان و تەماع .

ڕۆژێكیان چوومەلای كە نوسراوێكیان نووسیبوو كە لە شێوەیەكی ئاوا دا نووسـرابوو : (إن الله ربنا ، ومحمد نبینا ، والقرآن إمامنـا ، ومـن كـان معنـا كنـا ... وكنـا لـه ... ، ومـن خالفنا كانت یدنا علیه ، وكنا وكنا)

واتە : خوا پەروەردگارمانە و قورئان پێشەوامانە و هەركەس لەگەڵمان بێت ئـاوا دەبـین بۆی .. وە هەركەس پێچەوانەمان بێت و لەگەڵمان نەبێت دەستمان بەسەری دا زاڵ دەكەین و ئاوا و ئاوا دەبین لەگەڵی ...

ئەفەرموێ : نوسراوەكەی بەدەستی پیشانی یەكەیەكەی پیاوەكـانی دەداو دەیـانووت : ئایـا ڕازی وویـت و بریـارت دا ئـەی فـلان ؟ هـەتا گەیشـتە سـەرەی مـن و ووتیـان : ئایـا ڕازیدەبیت و بڕیار دەدەیت بەمە ئەی گەنج ؟ ووتم : نەخێر . دەفەرموێ – واتـە زەیـد –: پەلە مەكـەن لـەو گەنجـە . دەڵێـی چـی ئـەی گـەنج ؟ ووتم: (خـوای گـەورە پـەیمانێكی لێ وەرگرتووم لەكتێبەكەیدا . وە بەهیچ جۆرێ هیچ پەیمانێكی تازە نادەم تـەنها ئـەو پەیمانـە نەبێت كە ئەو لێی وەرگرتووم وە ئەو كۆمەڵە یەكە یەكـەیان گـەڕان كەسـیان ڕازی نـەبوون پێی . بەجۆری نزیكەی سی(٣٠) كەس بوون) تەواو .

وە (زەیدی كوڕی صوحان) ، شەو هەڵدەستا بۆ شەو نوێژ و ڕۆژوی زۆر بوو . وەكاتێ بیزانیایە شەوی جومعەیە زیندوی دەكردەوە بە خوا پەرستی . وە ڕقی لێی بوو كە دەهات لەبەر ئەوە تووشی دەبێ تیایدا لە ئەزیەت وناڕەحەتی .

ئەم مەسەلەیە گەیشت بە( سەلمان) کەوا چی دەکات . ئەویش هات بۆلای و ووتی : کوا زەید ؟ خێزانەکەی ووتی : لێرەنییە . فەرمووی : من سوێندت دەدەم کە خواردن دروست بکەیت و جوانترین پۆشاکت لەبەر بکەیت . وە پاشان ناردی بە شوێن ( زەید ) داو زەید هات . خواردنەکەی لێ نزیك کردەوە سەلمان فەرمووی : ئەی زەید بخۆ . ووتی من بەڕۆژووم . فەرمووی : ( ئەی زەیید بخۆ دینەکەت کەم نابی – یان دینەکەت کەم دەکەیت – بەڕاستی خراپترین ڕۆیشتن رۆشتنی (حەقحەقەیە)( ئەو کەسەیە کە هیلاك بووە لەڕۆیشتن وە وتراوە بریتییە لەوەی کە بارێك بنێت لە ولاغەکەی کە نەیتوانێ ) بەڕاستی چاوت مافی بەسەرتەوە هەیە ولاشەت مافی بەسەرتەوە هەیە و خێزانەکەت مافی بەسەرتەوە هەیە . بخۆ ئەی زەید ) وە دەستی کرد بەخواردن و وازی هێنا لەو کارەی کە دەیکرد ) بڕوانە (تأريخ بغداد) (٨/٤٣٩).

لەمەوە ڕووی مەبەستی ئینکاری ( مطرف) بۆ ئەو کارە فێردەبین :

چونکە زەید لەو ڕۆژەدا لەو کەسانە بوو کەلە گوێڕایەڵیدا ڕۆچوو بوو . کەچی وازی هێنا لەو کارەی کە دەیکرد هەروەك رابوود . وە( مطرف) لەو کەسانە نەبوو کە لە کۆمەڵ دوور کەوتبنەوە . چونکە هەر ئەو بوو هەروەك لە (الحليە) دا : ( ٢/ ٢٠٨) هاتووە دەیفەرموو : (مأرملة جالسة على ذيلها بأحوج إلى الجماعة مني) واتە: بێوەژنێك کە دانیشتبێ بەسەر منداڵەکانی یەوە پێویستر نییە بە کۆمەڵ لەمن .

وە ڕەحمەتی خوای لێبێت لەکاتی شەرع دا دەوەستاو دوور بوو لەکۆمەڵی بیدعەکاران (حەروریەکان) هاتن بۆلای ( مطرف) و بانگیان کرد بۆ سەر ڕەئەکەیان . ئەویش فەرمووی : · ئەی خەڵکی : ئەگەر دوو نەفسم هەبوایەو بەنەفسێکیان بەیعەتم پێ بدانایە و یەکێکیانم بگرتایە . خۆ ئەگەر ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕێنموونی بێت نەفسەکەی ترم شوێن دەخست و بەیعەتم دەدانێ و ئەگەر گومڕایی بێت ئەوا نەفسێکم لەدەست دەچوو دەفەوتا و نەفسێکم دەمایەوە بەڵام یەك نەفسم هەیەو مەغروری ناکەم ) [بڕوانە (طبقات ابن سعد)(٧/١٤٣) وسير النبلاء(٤/١٩٥)]

وەلحاصل ئەو قسەیە ی کە دە وترێ (بەیعەت) دان بەشێخ و کۆمەڵەکان جائیزە بەپێی ئەم فەرموودانەی واجبی دەکەن بەیعەت بدرێ بەئەمیری ئماندارن خۆ بەهیلاك بردنە بەقسەو دوورکەوتنەوەیە لەڕاستی .

وە لێك چون نییە لەنێوان بەیعەتی مامۆستاو شێخەکان و غەیری ئەوان لەگەڵ بەیعەتی پێشەوای ئیمانداران لەبەر جیاوازی شوێنەواری دوو بەیعەتەکە.

خۆ ئەگەر لەیەك بچونایە ئەوا ( ابن تیمیەو ابن عابدین و السبکي وغەیری ئەوان) هەستیان پێ دەکردو پێی دەگەیشت . وە بۆچەسپاندنی ئەم ڕایەیان ئەو خەڵکانە کۆمەڵێ (آثار)دێنن کە مرۆڤی ژیر نایڵێ چ جای کەسێ: بۆنێکی لە عیلم و فقه کردبێ .

دوای ئەمە ماوەتەوە کە بڵێین:

بەیعەت دروستە لەسەر چەند بابەتێکی جوزئی مەشروع لەئیسلام دا [1] بەویستی کەسە کە خۆی بێ ئەوەی شوێنەواری بەیعەت دانی بۆ ئەمیری ئیمانداران پێوە دیار بێت . ئەگەر چی بەشێوەی پەیمان لەسەر خۆ وەرگرتن بێت بەپابەند بوون بە گوێڕایەڵی یەکی شەرعی دیاری کراو یان پابەندبوون بەکارێك لەنێوان خۆی و کەسێکی تردا بەمەرجێ بێ ئەوەی قەدەغە کردنێکی شەرعی لەسەر هاتبێ .

(١) وە هەندێك زانایان لەم باسەدا ئەمەیان جیاکردۆتەوە : کە بەیعەت بدرێ لەسەر مردن و کردویەتی بەتایبەت بۆ پێغەمبەر (ﷺ) . الطحاوی لە (مثل الاثار) (٨٠/١) دا دەفەرموێ : ( ... وهەندیکی تر دەڵێن : بەیعەت دان لەسەر مردن کە پیرۆزترینی بەیعەتەکانە . وە ئەو بەیعەتەیە کە دروست نیە کە بەیعەتی لەسەر بدرێ بەغەیری پێغەمبەر(ﷺ) . وەچونکە پێغەمبەر(ﷺ) مەعصوم بووە چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێ کە ئەو حاڵەی بگۆرێ کە بەهۆیەوە بەیعەتی ثابت دەبێ کەپێی بدرێ . بەلام غەیری ئەو وانیە ) منیش دەڵێم : بەیعەت دان لەسەر مردن رووی داوە کە درابێ بەغەیری پێغەمبەر(ﷺ) لەلایەن زیاد لەیەکێکەوە بۆ نموونە: بڕوانە : الأصابة (٤٥٤/١) والمعرفه والتأريخ (٣١٥/٣) والتاریخ الکبیر (١٢/٥) . وەجەنابی بەڕێز شێخ بن باز (خوا بیپارێزێ) پێشنیاری کردووە کە ئەو جۆرە ناوبنرێ (عقد) لەجیاتی (بەیعەت)و لەپەیامێکی دا کە لە بەرواری (١٤٠٨/٤/١١ك) بۆ هەندێك لەقوتابیانی عیلم فەرمووی : ( بەلام ئەوەی کە دەست داگری لەسەر ئینکاری بەیعەت . ئەوا پێشنیار دەکەم لەسەر سەرکردەکانیان کاتێ کۆم کردنەوە لە وەرزی حەجی جاری پێشوو لەمەکەدا – لەکاتێکدا لەنێوان من و ئەواندا چەند تێگەیشتنێك ڕوی دا هیوادارین سوودی تێدا بوو بێت – کەوا لەجیاتی ( بەیعەت) بڵێن (عهد) بێت . ئەوانیش قبوڵی ئەمەیان کرد . وە لەوە دەچێ خۆیان هەڵواسیبێ بەو بڕیارەی کە شێخی أسلام ابن تیمیە داویەتی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لەبەشی (٢٨) دا لاپەڕە (٢١) لە (الفتاوی) . لەوەی ئینکاری ئەمەی نەکردووە) تەواو بوو.

وە بەکارهێنانی بەیعەت بەمانای ( العهد ) و( العقد ) شتێکی زانراوە لەلایەن فوقەهائەوە ، بۆ نموونە بڕوانە : المستصفی فی علم الأصول ( ٢/ ٢٤٢– ٢٥١) وە ( شرح ثلاثیات مسند الأمام أحمد ) (١/ ٧٠) و (٩٢٧/٢) وە (بهجة النفوس) (١/ ٩٢٧) و الفتح الباری (٦٤/١) وەبڕوانە جیاوازی ئەهلی عیلم لەسەر ئەو کەسەی عەهد لەسەر خۆی دەدات و پاشان وەفای نابێ بەرانبەر کە ئایا کەفارەتی لەسەرە یان نا ؟ لە ( الفتح الباري ) دا (١١/ ٤٧٤) وە (الهدایة ) (٢/ ٧٤) و(المغنی ـ ١٩٧/١١) و ( فقه الأمام الأوزاعی) ١/ ٤٨١ـ ٤٨٢.

**بەلگە لەسەر یەکەم** : ئەوەیە کە ئیمامی بوخاری لە ( التأريخ الكبير) دا : (٦/ ٣٩) باسی کردوە لەتەرجەمەی ( عباد بن ميسرة المنقري التميمي) دا کەوا پەیمانی دا بەخوا کە هەموو شەوێك هەزار ئایەت لە قورئان دەخوێنێ . خۆئەگەر نەیخوێند بەیانی بەڕۆژوو دەبێ . وە لەسەری قورس و گران بوو . هات بۆلای (ابن سيرين ) و ئەویش پێی فەرموو : ( لأقول فی عهد الله شيئا ، ليوف بعهد الله) واتە: ناتوانم هیچ قسە بکەم لەپەیماندا بەخوا و قسە ناکەم ، با بە وەفا بێ بەرانبەر پەیمانی خوا ، و الحسن فەرمووی : ( لايكلف الله نفسا إلا ما أطاقت ، ليكفر يمينه) واتە : خوا تەکلیفی شتێك ناکات لەنەفس مەگەر لەتوانای دابێ با کەفارەتی سوێندەکەی بدات.

**وە بۆدووەم** : ووتەی عائشە ( ڕەزای خوای لێ بێت ) کە بە إبن أبی الشائب ی فەرموو ـ کە توند بوو لەسەر ئەهلی مەدینە، پێی فەرموو : ( سێ شت هەن یان بەیعەتم دەدەیتێ لەسەری یان لەگەڵت دا دەیکەم بە شەڕو ناخۆشی ) فەمووی : ئەوانە چین بەڵکو بەیعەتت دەدەمی ئەی دایکی ئیمانداران ؟ فەرمووی : خۆت بپارێزە لە ڕێك خستنی قافیە لە دوعادا . چونکە پیغەمبەری خوا (ﷺ) وە هاوەڵانی ئەوەیان نەدەکرد [إسماعيل ، شێخی ئیمامی ئەحمەد کە ئەم ئەثەرەی لێوە ریوایەت کراوە – جارێکیان فەرمووی : من لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وهاوەڵەکانیدا بووم و شتی وایان نەدەکرد] وە ووتار بۆ خەڵکی باس بکەلەهەموو هەفتەیەك جارێك ئەگەر نا دووجار لەهەفتەیەکدا ، ئەگەر نا سێ جار . خەڵکی وەرس مەکە لەم قورئانە [٢] وەنەکەیت بچیتەلای کۆمەڵێك و ئەوان

لەباسێکی باسەکەیاندابن و قسەکەیان پێ ببریت ، بەڵکو وازیان لێ بێنە ئەگەر پێشیان خستی و خۆیان ووتیان و فەرمانیان پێ کردی ئەوا قسەیان بۆ بکە ) أخرجه أحمد فی ( المسند) وسنده جيد كما فی ( الفتح الرباني) : ٢٨٧/١٩

**وەهەر لەسەر ئەمە :**

ووتەی ئیمام القرطبی لە ( تەفسیرەکەیدا) : ٣٣/٦: لەتەفسیری دا بۆ ووتەی خوای گەورە لەسورەتی (المائدة) دا دەفەرموێ : ﴿ يأيها الذين آمنوا أوفوا **بالعقود** ﴾ فەرموویەتی : (الزجاج فەرموویەتی : واتا بەوەفا بن بەرانبەر پەیمانی خوا لەسەرتان و پاشان بەرامبەر پەیمانی هەندێکتان بۆ هوندێکتان . وە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ بەگشتی ووتنی وە ئەمەش لەم بابەتەدا ڕاستە ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : ((**المؤمنون عند شروطهم**))

(٢ ) عائشە ڕەزای خوای لەسەر بێت ئەمەی بۆ دیاری کرد ، چونکە ئەترسا کە خەڵکی پشت هەڵبکەن لە موتالاکردن و خوێندنی قورئانی خوای گەورە .

واتە ئیمانداران لەسەر پەیمان و مەرجەكانیانن . وە دەفەرمویٚ: ((**كل شرط ليس في كتاب الله فهو باطل ، وإن كان مائة شرط**)) واتە: هەرمەرجێك لە قورئانی خوادا نەبێت بەتاڵە ئەگەر چی سەد مەرجیش بێت . كەواتە ڕوونی كردۆتەوە كەوا ئەو مەرجە یان ئەو پەیمانەی كە پێویستە بەوەفابی بەرانبەری ئەوەیە كە موافق بێت لەگەڵ قورئانی خوادا. واتە: دینی خوا ، خۆ ئەگەر شتێكی تیا دەركەوت كەپێچەوانەی بێت ڕەت دەكرێتەوە ، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت ((**من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد**)) واتە: هەركەسێك كردەوەیەك ئەنجام بدات كە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا ڕەت دەكرێتەوە و وەرناگیریٚ)

أبن إسحاق باس دەكات و دەفەرموێت :

(چەند هۆزێكی قورەیش لەماڵی عبد الله ی كوڕی جدعان دا كۆبونەوە – بەهۆی ڕێزو بەناوبانگیيەوە – وە پەیمان و عەهدیان دا كە هەر ستەم لیٚ كراوێكیان بینی كە ستەمەكەی بۆ دەگێڕنەوە . بۆیە قورەیش ئەم ڕێكەوتنەی ناو نا بە (حلف الفضول) ئەمەش ئەوەیە كە پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەیەوە فەرموویەتی : ((**لقد شهدت في دار عبد الله بن جدعان حلفا . ما أحب أن لي به حمر النعم . ولو أدعي به في الأسلام لأجبت**)) واتە : لەماڵی عبد الله ی كوڕی جدعان دا بەشداری ڕێك كەوتن نامەیەكم كرد كەپێم خۆش نیيە بیگۆرمەوە بەحوشترێكی سوور وە ئەگەر بانگ بكرێم بۆ ڕێكەوتنێكی لەو جۆرە لەئیسلام دا وەڵامی دەدەمەوە و دەچم ، وە ئەم ( حلف) ە مانای مەبەستی ئەو ووتەیەی پێغەمبەرە (ﷺ) كەدەفەرموێت : ((**وأيما حلف كان في الجاهلية لم يزده الأسلام إلا شدة**)) واتە : هەرڕێكەوتنێك كەلە نەفامێتیدا كرابێت ئیسلام زیاتر پتەوی دەكات ، چونكە موافقی شەرعە ، چونكە فەرمانی كردووە بەهەق سەندنەوە لەستەمكار ، بەڵام ئەو پەیمانانەی كە هەیانبووە لەپەیمانی فاسدو بەتاڵ لەسەر ستەمكاری و ناڕەوایی ، ئەوا ئیسلام ڕوخانویوتیسوپاس بۆ خوا ) [ بڕوانە ( شرح ثلاثيات مسند أحمد بن حنبل) ٢/ ١٦٢و ١٦٧– ١٦٨]

إبن إسحاق دەفەرمویٚ : ( الوليد بن عتبەزۆری لەحسینی كوڕی عەلی كرد لەو ماڵەی كە هەیبو تا لیٚ ی بسەنیٚ بۆ – سلطانی الوليد، چونكە ئەوكاتە ئەمیر بوو لەسەر مەدینە– حسێنیش پیٚی فەرموو : سوێند ئەخۆم بەخوا یان بەویژدانەوە لەگەڵم دەجولێیتەوە یان شمشێرەكەم هەڵدەگرم و لەمزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) ڕادەوەستم و خەڵكی بانگ دەكەم بۆ (حلف الفضول) یٚكی تر . عبد الله كوڕی الزبير ، فەرمووی : وەمنیش سوێند دەخۆم بەخوا ئەگەر بانگم بكات شمشێرەكەم دەگرم وپاشان لەگەڵی دەوەستم تا بەویژدانەوە لەگەڵ

مافەکەی دا دەجولێنـەوە یـان هـەموومان پێکـەوە دەمـرین ، وە ئـەم قسـەیە گەیشـت بـە (المسور بن مخرمة) ئەویش هـەروەك ئـەمانی فـەرموو ، وە گەیشـت بـە ( عبـد ا لـرحمن بـن عثمان بن عبدالله التميمي) ئەویش وەك ئەمی فەرموو . وەکاتێ ئەمە گەیشتەوە بە (الولیـد) بەویژدانەوە لەگەڵی جولایەوە ) ... تەواو

## وە هەر لەسە رئەمە :

پـەیماندانی حوزەیفە و (الحسیل) ی باوکی بۆ مشرکەکان لەسەر ئەوەی کـە پێغەمبـەر (ﷺ) سەرنەخەن بەسەریاندا بەوەی لەگەڵیدا بەشداری شەڕ نەکەن . (مسـلم) هێناویـەتی لە(الصحیح) دا وأحمد لە (المسند) دا لە حوزەیفەی کوڕی الیمانەوە فەرموویەتی : من هـیچ شتێك وای لێ نەکردم کە لە بەدردا بەشـدار نـەبم جگـە لـەوەی کـە مـن و (حسـیل) ی بـاوکم دەرچوین فەرمووی : کافرەکانی قورەیش گرتیانین و ووتیان : ئێوە دەچـن بـۆلای محمد ؟ وتمان : نەخێر بۆ ئەوێ ناچین ، ئێمە تەنها مەبەستمان مەدینەیـە . وازیـان لێ نـەهێناین تـا پەیمانی خوایان لێ وەرگـرتین کـە دەبـێ بچـین بـۆ مەدینـە و لەگـەڵ پێغەبـەردا(ﷺ) شـەر نەکەین دژیان . ئێمەش هاتین بۆلای پێغەمبەریخوا(ﷺ) وە هەواڵەکـەمان پـێ ڕاگەیانـد ، ئەویش فەرمووی : ((**أنصرفا ، نفي لهم بعدهم . ونستعين الله علـيهم**)) . واتـە : بـڕۆن ، بەرانبەر پەیمانەکەیان بەوەفا دەبین و پشت بەخوا دەبەستین بۆیان ...إبن القيم لە(الهدی) دا : (٣/ ١٣٩) دەفــەرموێ : (لــەکرداری ڕێنمــوونی پێغەمبــەر (ﷺ) ئــەوەبووە کــە : دوژمنانەکانی ئەگەر پەیمانیان لەیەکێك لەهاوەڵەکانی وەربگرتایە لەسەر پەیمانێك کـە زیـان بە موسڵمانان نەگەیەنێ بە بـێ ڕازی بـوونی ئـەو هاوەڵـە ، دەیـبردە سـەر ، هـەروەك چـۆن پەیمانیان لە حوزەیفـەو حوسـەیلی بـاوکی وەرگـرت کـە لەگـەڵ پێغەمبـەردا(ﷺ) شـەریان لەگەڵ نەکەن . پێغەمبەریش (ﷺ) بردیە سەرپێ یان و پێی فـەرموون : ڕبڕۆن ، بەرانبـەر پەیمانەکەیان بەوەفا دەبین و پشت بەخوا دەبەستین بۆیان)

## هەرلەسەر ئەمە:

بەیعەتی پێشەوای گەورەی شەهید أبی عبـد الله أحمـد بـن نصـر بـن مالـك بـن الهیـثم الخزاعـی المـروزی بـوو بەخەڵکەکـە لەسـەر روون کردنـەوەی ئـەو مەسـەلەی کـە دەوتـرێ : قورئان مەخلوقە ، وە هەوڵدان بۆ هەسـتان بـە درووسـت کردنـی بزوتنـەوەیـەکی گۆرانکـاری لەڕۆژانی ژیانی (الواثـق) دا، (وەئـەم بەیعەتـەی کـە ئیمـام احمـد بـن حنبـل بـە پـاك وچـاك لەقەڵەمی دەدات) نوێ کردنەوەی پەیمان بوو لەسەر گەرانەوە بۆ سـەر بنچینـەی ئیسـلام ، وە ڕەحمەتی خـوای لێ بێـت بـەهۆی ئـەم بزاڤەیـە وە تـوانی دڵـی ئـەهلی بەغـدادی دەسـت

بکەوێت وە پیاوێکی لەسەرلای ڕۆژئاوا و یەکێکی لەلای ڕۆژهەڵاتەوە دانا لەو کەسانەی کە پەیمان و بەیعەتیان پێ دابوو لەسەرهەستان بەم بزاڤە . وە وەعدیان دانا لەگەڵ ئەو کەسانەی لەگەڵی دابوون کە هەستن بە جوڵەو بزوتنەوەکەی لەشەوی پێنج شەممە ی مانگی شەعبانی ساڵی (٢٣١)، وەلێدانی تەپڵیشیان کردە نیشانەی ئەم کارە ، کەچی کۆمەڵێك لەبێ ئەقڵ و هەرزە هەستان بەلێدانی تەپڵ لەشەوی چوارشەممە دا شەوێك پێش مەوعیدەکەو وایانزانی شەوی پێنج شەممەیە کە مەوعیدیان بۆ دانابوو ، ئەوەبوو زۆر تەپڵیان لێداو کەس وەڵامی نەدانەوە . لەوکاتەدا أسحاق کوڕی ئیبراهیم لە بەغداد نەبوو لەجێگەکەی خۆی براکەی دانابوو کە ناوی محمدی کوڕی ئیبراهیم بوو . بۆیە محمدی کوڕی ئیبراهیم گەنجێکی نارد بەدوای دا کە ناوی (رحش) بوو ئەویش هات بۆیان و پرسیاری باسەکەی لێ کردن ، کەس دەری‌نەخست لەوانەی باسی تەپڵیان کردبوو .

تا پیاوێکیان نیشان دا کەلە (الحمامات) دایەو چاوی کوێرە ناوی (عیسى الأعور) ەو ئەویش هەرەشەی لێ کرد کە لێی دەدات . تا ئەوەبو أعترافی کرد لەسەر دوو کوڕەکەی (أشرس) – ئەوانەی کە تەپڵەکیان لێ دا بوو پێش مەوعیدەکەی خۆی – وەأعترافی کرد لەسەر أحمدی کوری نصر بن مالك و لەسەر هەندێکی ترو ناویانی هێنا. ئەو کۆمەڵەش بە شوێنیاندا گەڕان و هەندێکیان گرتن و قوتابیەکیشیان گرت – کە ئەو کەسە بوو کە أحمد بن نصر لەسەر لای ڕۆژئاوا دایینابوو – وە (أبا هارون السراجی) گیرا – کە أحمد بن نصر لەسەر لای ڕۆژ هەڵات دایینابوو– وەشوێنی ئەوانی تر کەوتن کە عیسى الأعور ناوی بردن و لەچەند شەوو ڕۆژێکدا وەحەپس کران لەلای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا . هەر کۆمەڵە و لەو شوێنەدا دانران کەتیایدا گیران . وە أبو هارون و تەلەبەیەکی بە (٧٠) ڕەتڵ لەئاسن بەسترانەوە واتە هەریەکێکیان بەوەندەوە .

وەلەماڵی دوو کوڕەکەی أشرس دا دووئاڵای سەوز کە سورایی‌یەکی تیابوو هەڵدرابوە ناو بیرەکەمەوە . کەپیاوێکی محمد بن عیاش هەستا بە دەرهێنانی – کە ئیش کەرێکی لای ڕۆژ ئاوابوو وەئەوەی لەلای ڕۆژ هەڵات کاردەکرد ناوی عباس بن محمد بن جبریل ی سەرکردەی خوراسانی بوو – پاشان سەربازێکی أحمد بن نصر یان گرت و هەڕەشەیان لێ کرد تا دانی نا بەوەدا کە عیسى الأعور دانای نابوو پیایدا .

وە چوونە ماڵی أحمد بن نصر لەو کاتەدا لە حەمام بوو بەدارو دەستەی سوڵتانی فەرموو : ئەمە ماڵی منە . . ئەگەر ئاڵایەك یان تفاقێك یان چەکێکتان تێدا دۆزیەوە کە بۆ ئاشوبە دانرابێ . ئەوە ئەو کەرەستە و خوێنەکەشم بۆتان حەڵاڵە . وەکاتێ تەفتیشی

ماڵەكەيان كرد هيچيان دەست نەكەوت . وەبرديـان بـۆلای محمـد بـن أبـراهيم بـن مصـعب و لەگەڵ دوو كەس لەسەربازەكانی و دوو كوڕەكەی و پياوێكيان لەگەڵ داگرت لـەو كەسـانەی كە دەيان پاراست.

كەناوی : إسماعيل بن محمد بن معاويـة بـن بكـر البـاجلـي بـوو – كـه ماڵەكـەی لـەلای ڕۆژهەڵاتەوە بوو – ئەم شەش كەسە بران بۆلای پێشەوای ئيمانداران (الواثق) لەو كاتەدا لە (سامراء) بوو لەسەر حوشترێك كە هيچ لە ژێرياندا دانەخرابوو . وە ئەحمەد بن نصر بە دوو كۆت كۆت كراو لە ڕۆژی پێنج شەممەی كۆتا شەوی مانگی شەعبانی ساڵی (٢٣١) لە بەغداد دەركران و (الواثق) شوێنەكەيانی پێ ووترابوو . وە ابن ابی داود و قوتابيـەكانی ئامـادەكراو مەجلسێكی گشتی بۆ سازدان . تا تا قی كردنەوەيەكی ئاشـكرا بكرێـت و خەڵكەكـە هـاتن و لەلايدا كۆبوونەوە .

وە أحمد بن أبی داود –وەك باس دەكرێت– لە ڕواڵەتدا حەزی لە كوشتنی نەدەكرد و پێی ناخۆش بوو ، كاتێ أحمد بن نصر يان هێنا . (الواثـق) تەماشـای نـەكرد كاتـێ چـووە دەرەوە بۆلای .

بەڵام پێی ووت : ئەی ئەحمەد چی دەڵێی دەربارەی قورئان ؟

فەرمووی : ووتەی خوايە ، وە أحمد بن نصر داوای كوشتن دەكات و خـۆی ئامـا دە و بۆن كردوە بۆی.

ووتی: ئايا مەخلوقە ؟

فەرمووی : كەلامی خوايە .

ووتی : چی دەڵێی دەربارەی پەروەردگارت ، ئايا لەڕۆژی دوايی دا دەيبينی ؟

فەرمووی : ئەی ئـەميری ئيمانـداران فـەرموودە لەپێغەمبـەرەوە (ﷺ) هـاتووە . كـە فەرموويەتی : ( ئێوە خوای خۆتـان دەبيـنن هـەروەك چـۆن مـانگ دەبـيين و ناڕەحـەتيتان تووش نايە لەبينينی دا) ئێمەش لەسـەر خێـرين ( بـڕوای پـێ دەكـەين) اسـحاق بـن أبـراهيم ووتی : وەيل بۆتۆ بێت ! بزانە چی دەڵێی ! فەرمووی : تۆ فەرمانت بەمن كرد بەمە.

إسحاق نەرم بويەوەو ووتی : من فەرمانم پێ كردی بەمە !

فەرمووی : بەڵێ ، فەرمانت پێكردم تا ئامۆژگاری بكەم ئەگەر پێشـەوای ئيماندارانـە وەلە ئامۆژگاریيەكانم بۆی ئەوەيە كە موخالەفەی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)نەكات .

(الواثق)بەو كەسانەی چواردەوری ووت : چی دەڵێن لە بارەيەوە ؟

زۆريان ووت .

عبد الرحمن بن أسحاق – كە قازی بوو لەلای ڕۆژئاوا وە لابراو لەو كاتەدا ئامادە بوو وە أحمد بن نصر زۆر چاكەی هەبوو لەگەڵیدا – وتی : ئەی ئەمیری ئیمانداران بەڕاستی خوێنی حەڵاڵە .

وە أبو عبد الله الأرمنی قوتابی ابن أبی داود ووتی : خوێنەكەیم دەرخوارد بدە ئەی پێشەوای ئیمانداران

(الواثق) ووتی : هەروەك چۆن دەتەوێ دەكوژرێ .

وأبن أبی داود ووتی: ئەی پێشەوای ئیمانداران ئەمە كافرەو داوای تەوبەی لێ ئەكرێ . بەڵكو نەخۆشییەكی پێوە بێ یان عەقڵی گۆڕابێ – وەك ئەوەی حەزی نەكرد بەهۆی ئەمەوە بكوژرێ –

الواثق ووتی : ئەگەر منتان بینی هەستام بۆی كەس لەگەڵم هەڵنەستێ چونكە من گوناهەكانم دەدەم بەسەریدا.

وە داوای ( الصمصامه) یەكی كرد – كە ئاسنێكی پانە كە خواروی گەیشتووە بەیەك بە سێ بزمار كە ئاسنە پانەكە دەبەستن بەیەكەوە– وەگرتی و چوو بۆی لەكاتێكدا لە ناوەڕاستی ژوورەكە دابوو . وە داوای تەشتێكی گەورەی كرد و خستیەناوەڕاستیەوەو گوریسێكی داواكردو سەری بەستەوە و ڕایكێشا . وە پاشان (الواثق) یەك لێدانی لێ دا كەوت بەسەر گوریسەكەی ملی دا پاشان دانەیەكی تری دابەسەری داو پاشان (سیما الدمشقی) هەستاو شمشێرەكەی هەڵكێشاو دای لە گەردنی و سەری پەڕاند. وە ( بغا الشرابی) دانەیەكی تری لێداو (الواثق) صمصامەكەی كرد بەسكی داو بە پشدا هەلگێرا تا برایەلای مۆڵگاكەوە و تیایدا لە خاچ دراو قاچی دوو كۆتی پێوە بوو شەڕواڵێك و قەمیسێكی لەبەردابوو . وەسەری برا بۆ بەغدادو لەلای ڕۆژهەڵاتەوە چەند رۆژێ هەڵواسرا . وە لە ڕۆژ ئاوا وە چەند ڕۆژێ هەڵواسراو پاشان هێنراوە بۆ ڕۆژهەڵات . وەكۆبونەوەی لەسەر كراو حەرەسیان بەسەر یەوە داناو ئەو شوێنەی كە سەریان لێ دانا ناسرا بە سەری أحمد بن نصر . وە لە پارچە یەكدا كە بە گوێی دا هەڵواسرابوو نووسیان: (ئەمە سەری كافری موشریكی گومڕایە ! ! ئەویش أحمد بن نصر بن مالكە . لەوكەسانەیە كە لە سەر دەستی عبد الله هارون الأمام الواثق بالله پێشەوای ئیمانداران كوژرا دوای ئەوەی بیانووی لەسەر بڕا بۆ سەر هەق بەڵام سوور بوو لەسەر كەللەڕەقی و دان نان دا سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە زوو ناردی بۆ ئاگرو سزای پڕژانی. وە پێشەوای ئیمانداران پرسیاری لێ كرد لە بارەی ئەمەوە ئەویش دانی نا بە تەشبیه كردنی خواو كوفری كرد .ئەمیری ئیماندارانیش بە مە خوێنی حەڵاڵ كردو نەفرەتی لێ كرد ).

وە فەرمان کرا کە بەشوێن ئەو کەسانە دا بگەڕێن کە بەوە ناسرابون هاورێی أحمد بن نصر بن لەوانەی کە پشتگیری بوون لەم کارەیداو هەموویان کرانە بەندینخانەوە . پاشان بیست و ئەوەندە پیاویان کردە زیندانی تاریکەوە مەنع کران لە وەرگرتنی ئەو خێرەی کە کەس و کاری سجنەکان دەیبەخشن . وەمەنع کران لەسەر دان کردن و ئاسنی گەورەیان پێوە بەست . وە أبو هارون السراج و کۆتاکەسیان لێ بردن بۆ سامەرا ،. پاشان گەراندیانەوە بۆ بەغدادو کرانە بەندینخانەوە.

وەهۆی ئەوەی کە ئەمانە گیران بەهۆی احمد بن نصر ەوە ئەوەبوو کە : پیاوێکی دار بڕ لەباخێکدا بوو هات بۆلای أسحاق بن أبراهیم بن مصعب و پێی ووت : من هەواڵی شوێنی هاورێکانی أحمد بن نصر ت دەدەمێ ئەویش کۆمەڵێکی لەشوێنەوە نارد . کاتێ کۆبوونەوە هۆیەکیان شك برد بە کابرای داربڕەوە و ئەویشیان حەپس کرد لەگەڵیانداو وەلە (المهرزار) دارخورمای هەبو بڕیانەوە و خانووماڵەکەیان تالان کرد. (٣)

وە لەمەوە دەردەکەوێت و ئەوە دەزانرێت کە درێژ بوونەوەی بزووتنەوەی أحمدی کوڕی نصر هەتا دوای وەفات کردنی بوو . بەجۆرێ لەژیانی دا بەهۆی بزوتنەوەیەکەوە نەیتوانی بگاتە ئامانج بەهۆی دانەمەزرانی ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون لەسەر نهێنی و کتمان.

قال الترمذي : هذا حديث صحيح . قلت : وإسناده على شرط الشيخين.لكن ليس فيه (لاأقول تحلق الشعر ...) وإنما علقه الترمذى عقب الحديث وتصحيفه ثم وصله من طريق يعيش بن الوليد عن مولى الزبير عن الزبير بن

واتە : ئایا هەواڵتان بدەمێ بەچاكتر لەپلەی نویـژوو ڕۆژوو خێـرو فـەرمان كـردن بـە چـاكەو بەرگری كـردن لەخراپـە ؟ ووتیـان : بـەڵێ ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) : فـەرمووی : چـاك كردنـــــی نێـــــوان خۆتـــــان چـــــونكە تێـــــك دانـــــی نێـــــوان خـــــەڵكی تا شێنەرە . من ناڵێم مو دەتاشێ ، بەڵكو دین دەتاشێ .

وەلە (الصحيح )دا هاتووە لە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) كـە فەرموویـەتی : ((تفـتح أبـواب الجنة كل يوم اثنين وخميس . فيغفر لكل عبد لايشرك بالله شـيئا " إلا رجـلا كـان بينـه وبـين أخيه شحناء " فيقال : انظروا هذين حتى يصطلحا )) [٢٧]

واتە: هەموو ڕۆژانی دووشـەممە و پێـنج شـەممانێك دەرگاكـانی بەهەشـت دەكرێتـەوە وەلە هەموو كەسێك خۆش دەبێت كە هاوبەشی بۆ خوا دانـەنابێت . جگـە لـە پیاوێـك نـەبێ كەلە نێوان خۆی و براكەی داناڕەحـەتی یـەك هـەبێت لـەدڵی دا بەرانبـەری دەوترێت : ئـەم دووانەش واز لێ بێنن و چاوەڕوانیان بكەن تا ئاشت دەبنەوە .

وە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت : ((لايحل لمسلم أن يهجر أخاه فـوق ثـلاث ، يلتقيـان فيصد هذا ويصد هذا وخيرهما الذي يبدأ بالسلام)) [٢٨]

العوام رفعه . واعله المباركفورى في (التحفة) ٣٢٠/٣ بمولى الزبير لجهالتـه .لكنـه قـال :(قـال المنـذري : رواه البزار بإسناد جيد والبيهقي وغيرهما ) ! قلت كلام المنذري في (الترغيب)١٢/٤.

(٢٧) اخرجه من حديث أبي هريرة (رضى الله عنه) : مالك في (الموطأ) ١٧/٩٠٨/٢ عن سهيل بـن أبـي صـالح عـن أبيـه بـه وعنـه : مسـلم في (الصـحيح) رقـم (٢٥٦٥) وأبـن حبـان في (الصـحيح) رقـم (٥٦٣٧، ٥٦٣٩ — الأحسان) والبخارى في(الأدب المفرد) رقم (٤١١) وأحمد في (المسـند) ٤٦٥/٢،٤٠٠ والبغـوى في (شـرح السـنة) رقم (٣٥٢٣ ) و البيهقي في (ألأداب) رقم (٣٠٤)

وتابعه مالكا جماعة . كما عند : أبي داود في (السنن) رقم (٤٩١٦) ومسـلم في (الصـحيح) ١٩٨٧/٤ والترمـذي في (الجامع) رقم (٢٠٢٣) وعبد الرزاق في (المصنف ) رقم (٢٠٢٢٦) وأحمد في (المسـند) ٢٦٨/٢، ٣٨٩ وابـي نعيم في (صفة الجنـة)رقم (١٨٠) والطيالسـي في( المسـند) رقـم ( ٢٤٠٣) والبيهقـي في(السـنن الكـبرى)٣٤٦/٣ والخطيب في (تأريخ بغداد) ٣١٤/١٤.

وتابع سهيلا جماعة . أنظر كتابنا (أحكام الهجر في الكتاب والسنة) حديث رقم (١٣،١٤)

(٢٨) أخرجه من حديث أبي أيوب الأنصاري : مالك في (الموطأ) ٩٠٦/٢– ١٣/٩٠٧ عن أبي شهاب عن عطاء بن يزيد الليثى به وعنه : البخارى في (الصحيح) رقم (٦٠٧٧) و(ألأدب المفرد) رقم (٤٠٦) ومسلم في(الصحيح) رقم (٢٥٦٠) وأبن حبان في (الصحيح) رقم (٥٦٤٠– ألإحسان) وأحمد في (المسند ) ( ٤٢٢/٥) أبو داود

واتە: حەڵاڵ نیە بۆ هیچ موسڵمانێك كە  قسە لەگەڵ براكەی دابڕێت زیاد لەسێ ڕۆژ كاتێ بگەن بەیەك ئەم لا وەرگێڕێ و ئەو لا وەربگێرێت . وەچاكترینیان ئەوەیانە كە سڵاو لەپێش دا دەكات لەوی تر .

## (حەڕامێتی دەست درێژی كردن بەبێ ڕەوا)

بۆ هیچ یەكێك لەو مامۆستایانە نییە كە دەست درێژی بكاتە سەر یەكێكی ترو بۆی نیە ئەزیەتی بدات بەقسەو كردەوە بەبێ ڕەوایی . چونكە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿والذين يؤذون المؤمنين والمؤمنات بغير مااكتسبوا فقد احتملوا بهتانا وإثما مبينا﴾ (الأحزاب : ٥٨) . وە بۆ هیچ كەسێك نیە كە سزای هیچ كەسێك بدات كەلە سەر غەیری ستەم و دەست درێژی كردن لەسنوورو ماف  فەوتاندن بەڵكو لەبەر ئارەزووی خۆی . چونكە ئەمە لەو ستەمەیە كە خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) حەرامیان كردووە . چونكە خوا دەفەرموێت : هەروەك پێغەمبەرەكەی بۆمان دەگێرێتەوە : (ياعبادي ! إني حرمت الظلم على نفسي وجعلته بينكم محرما " فلا تظالموا )(٢٩)

واتە: ئەی بەندەكانم ، من ستەمم لەسەر خۆم حەرام كردووە و لەنێوان ئێوەش دا حەرامم كردووە ، دەسا ستەم لەیەك مەكەن .

## (سزادان نییە مەگەر بەپێی شەرع)

وەهەر كەسێك گوناهێكی كرد ئەوا نابێ سزا بدرێت بەبێ سزایەكی شەرعی وە بۆهیچ مامۆستایەك نییە كە سزای بدات بەهەر شێوەیەك كە خۆی بیەوێ .

وە بۆ هیچ كەسێك نییە كە هاوكاری بكات لەسەر ئەمەو ڕازی بێت لەسەری بۆ نموونە فەرمان بكات بەقسە دابڕین لەگەڵ كەسێك داو قسەی لەگەڵدا ببڕێ بەبێ گوناهێكی شەرعی . یان بڵێ : دامنیشاند یان ڕسوام كرد و لەو بابەتانە . چونكە ئەمە لەڕەگەزی ئەو

في(السنن) رقم (٤٩١١) والبغوي في(شرح السنة) رقم (٣٥٢١) والطبراني في(الكبير) ١٤٤/٤ والقضاعي في (مسند الشهاب) رقم (٨٨١) ولفظ مالك : ((..... فيعرض هذا ويعرض هذا))

وكذا رواه عبد الرحمن بن إسحاق عن الزهري كما عند : الطبراني في (الكبير) ١٤٥/٤. ورواه أصحاب الزهري الآخرون .وعددهم ثمانية ،. بلفظ المصنف . وهو : ((.. فيصد هذا ، ويصد هذا))

أنظر تفصيل ذلك في كتابنا : (أحكام الهجر في الكتاب والسنة) حديث رقم (٢)

(٢٩) أخرجه مسلم في (الصحيح) ١٩٩٤/٤وأحمد في (المسند) ١٥٤/٥، ١٦٠ عند أبي ذر (رضي الله عنه)

کردەوەیە کە قەشەو راهیب دەیکەن لەگەڵ گاورەکان دا ولەنموونەی کاری حیزبەکانە لەگەڵ جولەکەکانی دەکەن . وەلە ڕەگەزی کردەوەی پێشەوا گومڕاو سەرگەردانەکانە کەلەگەڵ شوێن کەوتوانیاندا دەیکەن . ئەوەتا ڕاست گۆی جێ نشینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەناو ئومەتەکەیدا دوای خۆی( أبوبکر ) دەفەرموێ :((أطیعونی ماأطعت الله! فإن عصیت الله فلاطاعة لي علیکم)) واتە: گوێ ڕایەڵیم بکەن تا گوێ ڕایەڵی خوا ئەکەم ! ئەگەر سەرپێچی خوام کرد ئەوا گوێ ڕایەڵی من نیە لەسەر ئێوە . وە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت : ((لاطاعة لمخلوق في معصیة الخالق)) [٣٠] واتە: گوێ ڕایەڵی بۆ هیچ کەسێك نیە ونابێ بکرێت .

لەفەرمانێکدا کە سەر پێچی خوای بەدیهێنەربێت . وە دەفەرموێت : ((من أمرکم بمعصیة الله فلاتطیعوه))[٣١] واتە: هەرکەسێك فەرمانی پێ کردن بە سەرپێچی کردنی خوا بەگوێی مەکەن .

کەواتە ئەگەر مامۆستایەك فەرمانی کرد بەقسە دابڕین لەگەڵ کەسێك یان فەرمانی کرد لەسوکایەتی پێ کردنی یان دوور خستنەوەی وشتی لەمانە : تەما شا دەکرێت ئەگەر گوناهێکی شەرعی کردبوو ئەوا بەئەندازەی گوناهەکەی سزا دەدرێت بەبێ زیادە . وە ئەگەر گوناهی نەکردبوو ئەوا جائیز نیە کەسزا بدرێت بەهیچ شتێك لەبەر خاتری ویستی مامۆستا یان غەیری ئەو .

(٣٠) أخرجه البخاری ف( الصحیح) ٢٣٣/١٣ومسلم ف(الصحیح) ١٤٦٩/٣ وابوداود ف (السنن) رقم (٢٦٢٥) والطیالسي في (المسند) رقم (١٠٩) وأحمد في (المسند) ٩٤/١ عن علي بن أبي طالب (رضی الله عنه) . ولفظه :((لاطاعة (لبشر) في معصیة (الله) ، إنما الطاعة في المعروف)). وله ألفاظ أخری من حدیث الحکم الغفاری وعمران بن الحصین (رضی الله عنهما) . ولفظ المصنف عند أحمد في (المسند) ٦٦/٥ من مسند (الحکم الغفاري) . قال الهیثمي في (المجمع)٢٢٦/٥: رواه أحمد بألفاظ ،والطبراني بأختصار، وفي بعض طرقه : ((لاطاعة لمخلوق في معصیة الخالق )) ورجال احمد رجال الصحیح ) وانظر طرق الحدیث وألفاظه في (السلسلة الصحیحة) رقم (١٧٩)

(٣١) أخرجه البخاری في (الصحیح) ١٢١/١٣–١٢٢ ومسلم في (الصحیح) ١٤٦٩/٣ عن أبن عمر (رضی الله عنهما) ،ولفظه : ((علی المرء المسلم السمع والطاعة فیما أمر فإذا أمر بمعصیة فلاسمع ولاطاعة))

وأخرجه بلفظ المصنف من حدیث أبي سعید الخدري : أبن ماجة في (السنن) رقم (٢٨٦٣) وأبن حبان في (الصحیح) :(٤٤/٧–مع الأحسان) واسناده صحیح . قاله البوصیري في (مصباح الزجاجة ): ٤٢٣/٢ وعزاه لأحمد وأبن أبي شیبة في (مسندیهما) والحدیث في (صحیح الجامع الصغیر) رقم (٦٢٩٩)

## (حەرامێتی حیزبایەتی و دەمارگیری بەستەم و لەسەر ئارەزوو وهەوەس )

وه بۆمامۆستایان نىيه كه خەڵكی كۆبكەنەوه بە حیزبایەتی و وەكارێك بكەن كە دوژمنایەتی و بوغز بخەنە نێوانیان ، بەڵكو دەبێ وەكو برای یارمەتی دەر لەسەر چاكەو تەقوا وابن ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وتعاونوا على البر والتقوى ولاتعاونوا على الأثم والعدوان ﴾ (المائدة :٢) وه بۆهیچ كەسێك لەو مامۆستایانە نىيه كە پەیمانێك لەهیچ كەسێك بسەنێ بەوەی كەئەو كەسە موافقەی بكات لەهەموو شتێكدا كە ئەو بیەوێ و دۆستایەتی ئەو كەسە بكات كە ئەو دۆستێتی و دوژمنایەتی ئەو كەسە بكات كەئەو دوژمنێتی ، بەڵكو هەركەسێ ئاوا بكات ئەوا لەڕەگەزی جەنگیز خان و هاو وێنەكانیەتی كە هەر كەسێ موافەقەی بكردنایەو لەگەڵیان بوایە دەیانكردە دۆستی والی و هەركەسێ موخالەفەو پێچەوانەیان بوایە دەیانكردە دوژمنی سەرپێیكەر . بەڵكو لەسەر خۆیان و شوێن كەوتوانیان پێویستە پەیمانی خوا و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بەوەی كە گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەر(ﷺ) بن و ئەو فەرمانە بەجێ بهێنن كەخواو پێغەمبەرەكەی(ﷺ) فەرمانیان پێ كردووه . وه ئەو شتە بەحەرام بزانن كەخواو پێغەمبەرەكەی حەرامیان كردووه و مافە كانی مامۆستایان پەیڕەو بكەن هەروەكو خواو پێغەمبەرەكەی فەرمانیان پێ كردووه . هەركاتێك مامۆستای كەسێك ستەمی لێ كرا سەری بخات و ئەگەر ستەمی كرد یارمەتی نەدات لەسەر ستەمەكەی بەڵكو ڕێگری لێ بكات . هەروەك لە(الصحیح)دا هاتووه : عن النبی (ﷺ) أنه قال (انصر أخاك ظالما أو مظلوما ) قیل یارسول الله أنصره مظلوما فكیف أنصره ظالما ! قال (تمنعه من الظلم فذلك نصرك إیاه) (٣٢) .: واتە : براكەت سەربخە ئەگەر ستەم كارو ستەم لێ كراوبوو ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ! سەری دەخەین ئەگەر ستەمی لێ كرا بەڵام چۆن سەری بخەین ئەگەر ستەم كاربوو ؟ فەرمووی : ڕێ گیری بكەن لەو ستەمەی كەدەیكات ئەوە سەرخستنی تۆیە بۆ ئەو.

---

(٣٢) أخرجه البخاری في( الصحیح) رقم (٢٤٤٣) و(٢٤٤٤) و(٦٩٥٢) ومسلم في (الصحیح)رقم (٢٥٨٤) والترمذي في (الجامع) رقم (٢٢٥٥) وأحمد في (المسند) ٣/٩٩و٢٠١ والبغوی في (شرح السنة) رقم (٣٥١٦) من حدیث أنس (رضی الله عنه).

## (دۆستایەتی كردن دەبێ بەڕەواو بۆ ڕەوا بێت )

وە ئەگەر لەنێوان مامۆستاو مامۆستایەكی تردا یان قوتابی و قوتابیەكی تردا یان مامۆستاو قوتابیەكدا دەمە بۆڵەو كێشمە كێشێك ڕووی دا ڕەوانی یە بۆ هیچ كەسێك كەیارمەتی هیچ لایەك بدات تا ئەزانی كامیان لەسەر حەق و ڕەوان وەنابێ یارمەتی بدات بەنەفامێتی وئارەزوو بەڵكو تەماشای مەسەلەكە دەكات و كاتێ حەقەكەی بۆ دەركەوت یارمەتی ئەو كەسەیان دەدات كەلەسەر حەقە دژی ئەوەیان كە لەسەر بەتاڵە ، سائیتر ئەو حەقە هاوەڵی بێت یان هاوەڵی غەیری خۆی بێت ، یان بەتاڵەكە لەهاوەڵی خۆی بێت یان لەهاوەڵی غەیری خۆی بێت .

كەواتە لەم كاتەدا مەبەست پەرستشی خوا دەبێت بەتەنها و پاشان گوێڕایەڵی پێغەمبەرەكەی و شوێن كەوتنی حەق و هەستان بەداد پەروەری ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ياأيها الذين آمنوا كونوا قوامين بالقسط شهداء لله ولو على أنفسكم أو الوالدين والأقربين إن يكن غنيا أو فقيرا فالله أولى بهما . فلا تتبعوا الهوى أن تعدلوا . وإن تلووا أو تعرضوا فإن الله كان بما تعلمون خبيرا ﴾ (النساء : ١٣٥)

دەوترێ (لو يلوى لسانه) : واتە: هەواڵ دەدا بەدرۆ ، وە(الأعراض) : بریتییە لە شاردنەوەی حەق ، چونكە بێ دەنگ لەئاستی حەق شەیتانێكی لاڵە .

وە هەركەسێك بدا بەلای هاورێ كەیدا –سائیتر لەسەر حەق بێت یان حەق لەسەری بێ – ولایەنی ئەوبگرێ ئەوا حوكمی كردوە بەحوكمی نەفامێتی وە لەحوكمی خواو پێغەمبەرەكەی دەرچووە . وە واجبە لەسەرهەمووان كەیەك دەست بن لەگەڵ حەقەكەدا بۆ سەر بەتاڵەكە . بەجۆرێ گەورە لەلایان ئەو كەسە بێت كەخواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ)بەگەورەی دەزانن و لەپێش ئەو كەسە بێت كەخواو پێغەمبەرەكەی بەلەپێشیان داناوەو ،خۆشەویست ئەو كەسە بێت كە خواو پێغەمبەرەكەی خۆشیان دەوێ . وە ئیهانە پێ كراو ئەو كەسە بێت كەخواو پێغەمبەرەكەی ئیهانەیان كردوە . بەپێی ڕەزای خواو پێغەمبەرەكەی بێت نەك بەپێی ئارەزووی خۆیان ، چونكە هەركەسێ گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی كرد ئەوا ڕێنمویی كراوەو هەركەس سەرپێچی خواو پێغەمبەرەكەی كرد ئەوا زیان بەكەس ناگەیەنێ بەخۆی نەبێ .ئەمەش ئەو بنچینە یە كە إعتمادیان هەیە لەسەری ئەوكاتە پەرتەوازە بوون و كۆمەڵ بوونیان هیچ پێویست ناكات . چونكە خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ إن الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا لست منهم في شيء﴾(ألأنعام : ١٥٩)

وەدەفـــەرموێ : ﴿ ولاتكونوا كالـذين تفرقـوا واختلفـوا مـن بعـد ماجاءهم البينـات﴾(آل عمــران:١٠٥)
وەئەگـەر پیاوێـك مامۆسـتایەك فێـری زانسـتی كـرد ئـەوا ڕێـزی چـاكەی دەگـرێ بەرانبـەری سوپاسی دەكات.

وە ناوقەدی خۆی نابەستێ نەبۆ مامۆستاكەی ونەبۆ غەیری مامۆسـتاكەی چـونكە ناوقـەدی خۆبەسـتن (شـد الوسـط) [٣٣] بۆكەسـێكی دیـاری كـراو –هـەروەك پرسـیارەكەدا داهـاتووە – لەبیدعەی ئەهلی نەفامێتی یەو لەرەگەزی ئەو ڕێك كەوتنەیە كە موشریكەكان دەیكـەن . وەلـە رەگـەزی جیابوونەوەی قیس و یمنە . وەئەگـەر مەبەسـت بـەم بەسـتن و پەیوەنـدی كردنـە كۆمـەكی كـردن بێـت لەسەرچاكەو تەقوا ئەوا ئەمە خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) فەرمانیان كردووە پێی بەبێ ئەو(بەستنە) خۆ ئەگەر مەبەست پێی یارمەتی دانی یـەكتری بێـت لەسـەرتاوان ودوژمنایـەتی ئـەوا خـواو پێغەمبەرەكەی حەرامیان كردووە . كەواتە هەركات ئەگەر مەبەست لەمـەدا خێـرو چـاكەبوو ئـەوا دەبـێ لەفـەرمانی خـواو پێغەمبەرەكـەی دابێـت لەهـەموو چـاكەیەكدا. بـەبێ فـەرمانی مامۆستایانی خۆیان . وەهەركات مەبەست پێی بەمە خراپە بوو ئەوا خواو پێغەمبەرەكـەی حەرامیان كردووە .

(٣٣) تقی الدین السبكی باسی (شـد الوسـط) ی كـردووە لـە (فتاویە)كەیـدا : ٥٤٨/٢ –٥٥١: وە نـاو قـەد بەستن لەزەمانی شـێخی ئیسـلام دا یـڵاو بـووەو بـەردەوام بـووە دوای خۆشـی لەلایـەن موریدەكانـەوە بـۆ شێخەكانیان – برای خوێنەر – بۆ ئەوەی لەمانای ووتەی دانەر تێ بگەیت . نموونەیەكی ناو قەد بەسـتنت بۆدێنمەوە چونكە (حوكم دان لەسەر شتێك لە بۆ چونەكەیەوە جیابوەتەوەو لقی گرتووە).

لەشێوازی ئەو پرسیارەدا كەڕوی كردە شێخی ئیسلام دا هـاتووە لـەم پەیامـەدا وەڵامـی داوەتـەوە بەم جۆرە : (ئایا بۆ كەسێكی سەرەتا ئەگونجی كەلە ناوەراستی كۆمەڵێك لە مامۆستاو قوتابیاندا بوەستێ و بڵێ : ئەی كۆمەڵی خێر ! داوا لەخواو لەئێوە دەكەم !! كە داوا بكەن لەفلان كە وەرم بگرێت تابیمە برا یان هاورێ یان گەنج یان قوتابی وەلەوبابەتە . وەیەكێكیان لەو كۆمەڵە هەڵسـێ و پـەیمانی لێ وەربگـرێ و ئەوەی بیەوێ بەمەرج لەسەری داینێ و ناو قەدی ببستێ بەدەسمالێك یـان شـتێكی لـەو جـۆرە : ئایـا ئـەم كار ە ڕەوایە یان نا ؟ بەهۆی لە خۆگرتنی ئەو خۆشەویسـتن و دەمـارگیری یـە بـۆ مامۆسـتا . بـەجۆرێ بـۆ هەموو مامۆستایەك كۆمەڵێك براو هـاوری و ئـەحزاب و قوتـابی دەبێـت كەلەگەڵیـدان بەحـەق یـان بـەتاڵ و هەركەس دژایەتی بكات دژایەتی دەكەن و هەركەس دۆستایەتی بكات دۆستایەتی دەكەن )

وەشێخی ئیسلام لەم پەیامەدا باسی ئەو عیبارەتەی پرسیار كەرەكەی نەكردووە : (داوا لـەخوای گـەورە و داوا لەئێوە دەكەم ) كە هەڵەكەیەكی تێدا یە : ئەویش ئەو (و) ی عەطفەیە كە دەبێتە هۆی هاوبەش دانـان بۆخوا لەنێوان ناوی خوا لەگەڵ غەیری ئەودا. وەئەم عادەتەش (شد الوسط) ەبەردەوام بوو لەدوای كۆچـی دانەرەوەو زۆر پێچەوانەو موخالەفەی تری بۆ زیاد كرا هەروەك دەبینین لە(فتاوی السبكی) دا باس كراوە .

وەبۆمامۆستا نىيە كەلەگەڵ قوتابی یەكەیدا ڕێ بكەوێ لەسەر ئەمەلەوەبۆ غەیری مامۆستاش نىيە كەئەمە لەهیچ قوتابىيەكی وەرگرێ تا بدەنە پاڵی بەشێوەیەكی بیدعەیی: نەلەسەرەتادا كەدێتە لای و نەلەكاتی نقڵ بوون دا . وەنابێ مافی یەكەم مامۆستا پێشێل بكات بەسەریەوە [٣٤]

وەنابێ مامۆستا ىيەكەم ڕێ گری هیچ كەسێك بكات بۆ كەڵك وەرگرتنی زانست فێربوون لەلای غەیری خۆی . وەنابێ مامۆستا ی دووەم بڵێ : ناوقەدت ببەستە بۆمن و پەیوەندیم پێوە بكە و واز بهێنە . بەڵكو ئەگەر قوتابیەكە لەدووانەوە فێری زانست دەبوو دەبێ مافی هەردووكیان بپارێزێ و دەمارگیری نەبێ نەبۆیەكەم ونەبۆدووەم . وەئەگەر یەكەم مامۆستا زۆرتری فێر كردبێ پێویستە زیاتر ئاگای لەمافی بێت بەسەریەوە ومافی بپارێزێ .

## ( دۆستایەتی بۆ ئیمانداران بەئەندازەی ئەو گوێڕایەڵیيەی خوایە كە تیایاندایە )

وەئەگەر كۆبوونەوە لەسەر گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی(ﷺ)و یارمەتی یەكتر یان دا لەسەر چاكەو تەقوا . ئەوا بۆهیچ كەسێك نىيە لەهەموو شتێكدا بەڵكو هەموو كەسێك لەگەڵ هەموو كەسێكدا یە لەگوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەیدا(ﷺ) [٣٥]

وەلەگەڵ كەسدا نابن لەسەر پێچی خواو پێغەمبەرەكەیدا(ﷺ) . بەڵكو یارمەتی یەكتر دەدەن لەسەر ڕاست گۆیی و دادوەری و چاكەو فەرمان كردن بەچاكەو بەرگری كردن لە خراپە و سەرخستنی ستەم لێ كراوو هەموو شتێك كە خواو پێغەمبەرەكەی خۆشیان دەوێ . وەیارمەتی یەكتری نادەن نە لەسەر ستەم ونە لەسەر دەمارگیری نەفامێتی . وەنە لەشوێن كەوتنی ئارەزوودا بەبێ ڕێنموونىيەك لەخواوە . وەیارمەتی یەكتری نادەن نە لەسەر پەرتەوازە بوون و نەلە سەر ناكۆكی و ئیختیلاف و نە لە ناو قەد بەستن دا بۆ كەسێك تا لەهەموو شتێكدا شوێنی بكەوێ ورێكەوتنی لەگەڵ ناكا لەسەر غەیری ئەوەی خواو پێغەمبەرەكەی(ﷺ) فەرمانیان پێ كردووە .

(٣٤) واتە: بۆ مامۆستاكەی دووەم نىيە كەمافی مامۆستاكەی یەكەم ئینگاری بكات بەسەر قوتابیەكەیەوە

(٣٥) السبكی لەنموونەی ئەمەدا لە(الفتاوی) دا : ٢/٥٥٠ دەفەرموێت (فإذا اجتمع قوم علی ذلك وتعاهدوا علیه ، فنعم هو) واتە: ئەگەر كۆمەڵێك لەسەر ئەمە كۆبوونەوە و پەیمانیان لەسەری بەست . ئەوە چاكترین كارە.

ئەوکاتە هیچ کەسێك لەکەسێکەوە ناچێت بۆلای کەسێکی ترو پەیوەندی ناکات بەهیچ کەسێکەوە : نە دۆزراوەو نەقورس( لقیط و ثقیل). ونەغەیری ئەم ناوانە لەناوی نەفامێتی نامێنن . چونکە ئەم کارانە مامۆستایەك دروستی دەکات کە ئەیەوێ قوتابیەکەی موافەقەی

بکات لەوەدا کە ئەم دەیەوێو دۆستایەتی دۆستی بکات و دوژمنایەتی دوژمنەکەی بکات بەڕەهایی . وەئەمەش حەرامە " بۆ هیچ کەسێك نیەیە کە فەرمانی ئەمە بکات بەسەر کەسێکداو ، بۆ کەسیش نیەیە کەوەلامی ئەمەبداتەوە(٣٦)

بەڵکو دەبێ سوننەت کۆیان بکاتەوە و بیدعە پەرتەوازە یان پێ بکات . کردنی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ)کۆیان بکاتەوەو سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) جیایان بکاتەوە .

هەتا بەجۆرێ خەڵکی ببێتە ئەهلی گوێڕایەڵی خوایان ئەهلی سەرپێچی خوا . وە پەرستش نەکرێ تەنها بۆ خوای گەورە نەبێ و گوێ ڕایەڵی ڕەها(المطلق)ی کەس نەکرێ تەنها خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەبێ .

## (زەم و بەخراپە لەقەڵەم دانی زۆر گوێزانەوە و هات وچۆ)

وەگومانی تێدانیەیە کە ئەگەر لەسەر عادەتی نەفامێتی بن –واتەکەسێك کە مامۆستاکەی فێری کردبێ و هاوپیشتوانی بێت –ئەوا ئەوکەسەی لەیەکەمەوە دەچێت بۆلای دووەم ستەم کارەو تاوانبارەو هەڵوەشێنەری پەیمانەکەیەتی و بێ سیقەیە بەرانبەر بەعەقدەکەی . وەئەمەش هەروەها حەرامەو گوناهە . ئەمە گەورەترە لەگوناهی کەسێك کەوەك ئەمی نەکردبێ . بەڵکو نموونەی ئەمە ئەگەر نقل بوو بۆلای

(٣٦) وەئەگەر لەپیاوێك دا خێرو شەڕو خراپەکاری و گوێ ڕایەڵی و سەرپێچی . وسوننەت و بیدعە کۆبوونەوە . مافی ئەوەی هەیە کەدۆستایەتی و پاداشتی بکرێ بەئەندازەی ئەوخێرەی تیایەتی و مافی ئەوەی هەیە کەدوژمنایەتی وسزا بدرێ بەئەندازەی ئەو شەڕەی کەتیایەتی.

بۆیە روودەدات لەیەك کەسدا چاکە خوازی یەك کەڕیزی لێ بگیرێ و ئیهانە پێ کردن کۆبێتەوە . کەواتە لەمەولەوەی تێدا کۆدەبێتەوە وەکو چۆن دزێکی هەژار دەستی دەبردرێ لەبەر هەژاری یەکەیو لە (بیت المال) یش بەشی پێویستیەکەی دەدرێتێ. بڕوانە (مجموع الفتاوی) ی دانەر٢٨/٢٠٨–٢٠٩ .وەپێویستە لەسەر ئەهلی بانگەوازەکان و کۆمەڵە ئیسلامیەکان کەئەم قسەیەی پێشوویان لەیاد بێت و بیکەنە دروشمی خۆیان و لەپێوەندی حیزبایەتی لێڵو قێزەون و بەرژەوندی تایبەتی دەرچن ! !

كەسێكی تری غەیری خۆی و ڕێكەوت لەگەڵی دا . ئـەوا حـەرامی ئـەنجام داوەو وەكـو گۆشتی بەراز ی مـردوو وایـە ! چـونكە نەبـە پـەیمانی خـواو پێغەمبەرەكـەی (ﷺ) وەفـای هـەبووە ونەبەرانبـەر پـەیمانی یەكـەم ، بـەڵكو لەئاسـتی ئەوكەسـە دایـە كـە یـاری دەكـات ونەپەیمان و نەدین نەوەفای نیيە . وەلـە نـەفامێتی دا پیاوێك لەگـەڵ هۆزێكدا رێكـەوتنی دەبەست وئەگەر هۆزێكی لەو بەهێزتری شك ببردایە پەیمانی یەكەمی هەڵدەوەشاندەوەو لەگەڵ دووەم دا ڕێك دەكەوت ئەمیش حاڵی لەحاڵی ئەوكەسانە دەچێت –تـا خـوای گـەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە : ﴿وأوفوا بعهد الله إذا عاهدتم ولاتنقضوا الأيمان بعد توكيدها وقد جعلتم الله عليكم كفيلا . إن الله يعلم ماتفعلون . ولاتكونوا كالتي نقضت غزلها من بعد قوة أنكاثا تتخذون أيمانكم دخلا بينكم . أن تكون أمة هي أربى من أمة. إنما يبلوكم الله به . وليبين لكم يوم القيامة ماكنتم فيه تختلفون . ولو شاء الله لجعلكم أمة واحدة ولكن يضل من يشاء ويهدي من يشاء ، ولتسئلن عماكنتم تعملون . ولاتتخذوا أيمانكم دخلا بينكم فتزل قدم بعد ثبوتها ، وتـذوقوا السـوء بماصـددتم عـن سـبيل الله ولكـم عـذاب عظـيم﴾ (النحـل :٩١-٩٤) [٣٧]

(٣٧) ئەم ئایەتانە هەمووفەرمان ونەهیيەكانی بەشێوەيەكی كورت كۆكردۆتەوە . وەخـوای گـەورە بـەدیار ترین و گەورەترینیان لەترسناكیدا دەستی پێ كردوە كە ئەویش پەیمان بەستنێكە كە ڕێكـەوتنی بـۆ خـوا تیابێ وە پەیمانی خستۆتە نێوان دولاوە .وەكو ئەوەی پەیمان بێت لەگـەڵ خـوا . بۆیـە تـەعبیری كـردووە بە(واوفوا بعهد الله) وەلەبەر ئەم تەعبیرە كەمەبەست تیایدا تەئكید كردنی واجبێتی بەهێز كردن و بانگـەواز كردنە بۆ لێك چواندن . هەندێك لەموفەسیرین پەیمانیان داناوە بەپەیمانی بەیعەت كەلەنێوان موسـڵمانان و پێغەمبەری خوادا(ﷺ) ڕوی دا . بەڵام ئەگەر هۆی هاتنە خوارەوەكەی ئەمەیان یان ئەویان بێت ئەوا پەند وەرگرتن لێی لەگشتی لەفزەكەیەتی نەك بەتایبەتی هۆی دابەزین .

وەفەرمان كردن لەم ئایەتەدا گشتيیە بۆ وەفابوون بەرامبەر هەمووو پەیمانێك كەخاوەنەكەی هـەڵی گرتبێ وەبزانە كەمانای چەند شتێكی نزیك لەيـەك لەبنچینەی مانـاو حـوكم دا جیـاوازە لەپلـەی دا. بۆیـە هەیانە پەیمانەو ئەوەیە كەلەنێوان دوولا دا ڕوودەدات لەسەر پەیوەست بوونی ئاڵوگۆڕ كەهـەر یـەكێكیان لەگەڵ ئەوی تریاندا بێت .

بـەجۆرێك ئـەوی تریـان پەیوەسـتە بەرێكـەوتنی ئەمیانـەوە . وەزۆر جـار هەریەكـەیان سـیقە بەبەرامبەرەكەی دەكات ، بـەجۆرێ دڵنیـایی لـەدەروونی دا دروسـت دەبێـت . وەزۆرجـار كەئەمـە دەكـرێ سوێند خواردنی بەخوا تێدایـە . یـان شـایەتی دانـی خـوای تێدایـە لەسـەر ئـەوەی كەدەیكـەن . یـان زیـاد لەپەیمانەكە بۆ خوا دەڵێن : ئەمە پەیمانی خوایە یان هاوشێوەی ئەمە . بۆ زیاتر تأكید و چەسپان : وەئەم بەشە ئەوەیە كەلەم ئایەتە پیرۆزەدا باس كراوە . كە تەعبیر دەكات بەپەیمانی خوا پاشان دەفەرموێ (إذا عاهدتم) كەبەڵگەیە لەسەر ئەوەی كەخۆی پابەندی كردووە بەخۆیەوە نەك بەتەكلیف لەسەری بووە .

## (ڕێ گری لەدەستێکی تێك دەرو فاسد)

وەلەسەریان پێویستە فەرمان بکەن بەچاکەو بەرگری بکەن لەخراپە . وەلەنێوان خۆیان دا نەهێڵن کەسێك ستەم کاری یان خراپە کاری لێ دەربکەوێ وەنەهێڵن گەنجێکی بێ موو خۆی وا دەربخات کە خەڵکی تووشی فیتنە بکات . وەلەگەڵ کەسێکدا لەشوێنێکدا نەژی کەبەهۆی هاوەڵێتی کردنی یەوە تاوان باربکرێ . وەرێزی لێ نەگیرێ لەبەر مەبەستێکی خراپ .

## ( بەخراپە لەقەلەم دانی دۆستایەتی ڕەها : بەبەتاڵ و بەڕەوا )

وەهەرکەسێك ڕێکەوت لەگەڵ کەسێکدا لەسەر ئەوەی کە دۆستایەتی دۆستەکەی بکات و دوژمنایەتی دوژمنەکەی بکات ئەوا لەرەگەزی ئەو(تەتەر) انەیە کە لەپێناوی شەیتان دا تێ دەکۆشن . وەنموونەی ئەمانە لەو کەسانە نین کە تێ دەکۆشن لەپێناوی خوادا وە لەسەر بازانی موسڵمان نین وەجائیز نیە کە نموونەی ئەم کەسانە لەسوپای موسڵمانان دا بن . بەڵکو ئەمانە لەسوپای شەیتانن بەڵام واچاکە کەبە قوتابیەکەی بڵێ : لەسەرتە پەیمانی خواومیثاقەکەی کە هەرکەسێك دۆستایەتی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کرد دۆستایەتی بکەیت و دوژمنایەتی ئەوکەسە بکەیت کە دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکات و یارمەتی دەربیت لەسەر چاکەو تەقوا ویارمەتی دەر نەبیت لەسەر تاوان و دوژمنایەتی و ئەگەر حەق لەگەڵ من بوو حەق سەربخەیت و ئەگەر لەسەر بەتاڵ بووم بەتاڵ سەرنەخەیت . هەرکەسێك پەیوەست بێت بەمەوە لەو تێکۆشەرانەیە کەلەپێناوی خوادا دەجەنگن کە دەیانەوێت دین هەمووی بۆ خوابێت وووشەی خوا بەرز و بڵند بێت [٣٨]

پاشان کە دەفەرموێت : ﴿ولاتنقضوا الأيمان بعد توكيدها وقد جعلتم الله عليكم كفيلا﴾ لەمەدا بەڵێنی تێدایە کە بریتیيە لەوەی : ئەوەی لەنێوان چەند کەسێك دا دەکرێ بۆ تێکەڵاو بوون .وەپێکەوە ژیانیان وەکەسێك بەڵێن دەدات بەهاوەڵەکەی کەبگەڕێتەوە بۆلای یان بەرژەوندی یەکی بۆ جێ بەجێ بکات .یان گرفتێکی بۆ چارەسەر بکات . وەلە بنچینەدا خۆی ئەمەی بەخشیوە بەڵام پەیوەست دەبێ پێوەی بەجێ بەجێ کردنی بەهۆی ئیمانەکەیو ئەومتمانەدڵنیایيیەی کە بۆ هاوەڵەکەیدروست کردووە . لەبەر ئەمەیە ووتمان : هەندێك ووشەی (العهد )و(الوعد) دەنێ لە (البيعه)

(٣٨) ئەمە دەقێکی ڕاستەو خۆیە لەشێخی ئیسلامەوە لەسەر ڕەوایەتی (بەیعەتی) جوزئی ئەگەر بەتاڵ بوو لەوتاوانە ناشەرعیيانەی کە پێشتر باسی کردو لەمەودوا دەیخاتە ڕوو

وەلە (الصحیحین) داهاتووە کە پێغەمبەر(ﷺ) پـێی ووتـرا : ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پیاوێك لەبەر ئازایەتی کوشـتار دەکـات و لەبـەر دەمـار گـیری کوشـتار دەکـات و بـۆ ڕوپامایی کوشتار دەکات . کام لەمانە لەپێناوی خوادایە ؟ فەرمووی (من قاتل لتكون كلمة الله هـي العليـا فهـو في سـبيل الله) [٣٩] واتـە: هەرکەسـێك کوشـتاری کـرد لـەپێناوی ئـەوەدا کەوشەی خوا بەرز بێت ئەوە لەپێناوی خوادایە .

ئەگەر ئەوتێکوشەرەی کەلەبەر دەمارگیری بۆ موسڵمانان یان لەبـەر (ریـا) یـان لەبـەر خەڵکی تامەدحی بکـەن یـان لەبـەر ئـەو ئازایەتییـەی کەتیایـەتی بجـەنگێ : کوشـتارەکەی لەپێناوی خوادانییە تا لەبەر ئەوەنەجەنگی کەووشەی خوا بەرز بێت " ئـەی چـۆن کەسـێك چاکترین فێربوونی فێری کوشتار بێت وئەمەی لەسەر بناغەی فاسد بیناکردبێ تـا یارمـەتی کەسێکی دروست کراو بدات بەسـەر کەسـێکی تـردا ؟! کەهەرکەسـێك ئەمـەبکات لەئـەهلی نەفامێتی یەو لەئەهلی نەفامەکان وئەو تەتەرانەیە کەلە دەرەوەی شەریعەتی ئیسـلام دان و نموونەی ئەم کەسانە موستەحەقی سزایەکی شەرعی سەخت هەن تـا خۆیـان و هاوشـێوەی ئەمان تەمێ بکات لەنموونەی ئەم کارە پەرتەوازەیی و ئیختلافەیان . هـەتادین هـەمووی بـۆ خوا بێت و گوێ ڕایەڵی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بێت وهەموویان هەستن بەدادوەری و دۆستایەتی بۆ خـواو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) بکـەن و خـۆش ویسـتن وڕق لێ بوونیـان لەبـەر خوابێت و فەرمان بەچاکەو بەرگری لەخراپە بکەن .

## ( پارە وەرگرتن لەسەر ئەو کارانەی کە پشتگیری تێدایە بۆ جیهاد لەپێناوی خوادا )

وەبۆ مامۆستاکان هەیە کە داوای پارەیەکی دیاری کراو بکەن لەوکەسـانەی کـە فێـری ئەم کارەیان دەکەن . چـونکەوەرگرتنی پـارەو لـەجیاتی لەسـەر فێـر کردنـی ئـەم پیشـەیە دروسـتە و کاسـبی کـردن بەمـەوە لەچـاکترین کاسـبییە . وەئەگـەر قوتـابی دیارییـەکی بەخشی بەمامۆستاکەی لەبەر فێرکردنی و بڕێکی پێ بەخشی کە ولاغێکی دەست دەکەوت و یان غەیری ولاغێك لەجیاتی ئەوەی کـەفێری کـردوەو بەدەسـت خسـتنی ئامێرەکـان بـۆی و بەکرێ دانی حانووت بۆی ئەمە دروستە . مامۆستا دەتوانێ وەری بگرێت وە ئـەم لـەجیاتی دانانە لەمـە دا لەچـاکترین کردەوەیـە . هـەتا بـەجۆرێ شـەریعەت دانـاوە کـە دروسـتە کـە جیاتی بدرێ بەو کەسانەی کەپێش برکێ دەکەن لەغەیری ئەو دووانەوە .

(٣٩) أخرجه البخـاری فی (الصـحیح) رقـم (١٢٣) و(٢٨١٠) و (٣١٢٦)و(٧٤٥٨) ومسـلم فی (الصـحیح) رقم (١٩٠٤) وغیرهما من حدیث أبی موسى الأشعری (رضی الله عنه).

خۆئەگەر (ولی الامر) ماڵێكی دەركرد لە (بیت المال) بۆ ئەوكەسانەی پێش بركێ دەكەن بەئەسپ و ووڵاغ و حوشتر ئەوا بەیەك دەنگی پێشەوایان (إتفاق الأئمة) دروستە [٤٠] . وەئەگەر پیاوێكی موسڵمان لەسەر خۆی دیاری كرد كە

خۆی برێكی دیاری بكات بۆ ئەمە ئەوا پاداشت وەردەگرێ لەسەر ئەم كارەی .وەهەروەها ئەو پارەیەی كەپیاوێك دەیدات بەو كەسەی كەفێری دەكات ، ئەمیش لەوكەسەیە كە پاداشتی لەسەر وەردەگرێ .

وەئەمه ش لەبەر ئەوەی ئەم كارانە سوودەكەی بۆ موسڵمانانە بەگشتی ، وە دروستە كە(لەجیاتی) لە تاكەتاكی موسڵمانان وەربگیرێت وئەمەش دروستە .

وەئەگەر هەموویان پێكەوە (لەجیاتی) یان داو یەكێكی تریان دانا تا پێ یان ببەخشێ ئەوا درووستەو ئەگەر چی كەسێك نەبوو بۆیان دابەش بكات ئەگەر كەسێك لەخۆیان دەروونی پێی خۆش بوو بەبێ پەیوەست كردن كەبیدات بە كۆمەڵەكە یان بەخشی بە مامۆستایان دای بەهاورێ كەی : ئەوا ئەمە دروستە.

وەبنچینەی ئەمە: ئەوەیەكە ئەم كارانە فێر ببێ لەبەر پشتگیری یەك بۆ جیهاد لەپیناوی خوادا وە جیهاد لەپێناوی خوادا مەبەستەكەی ئەوەیە كە دین هەمووی بۆ خوابێت و هەتا ووشەی خوا بەرز بێت .

## ( كۆكەرەوەی دین )

وەكۆكەرەوەی دین دووشتە:

یەكەم : جگە لە(الله) كەس نەپەرستین.

دووەم : بەو شێوەیە بیپەرستین كەلەشەرع داهاتووە بەبیدعە نەیپەرستین هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت (لیبلوكم أیكم أحسن عملا) (الملك :٢) وە الفضیل بن عیاض دەفەرمویت (أخلصه وأصوبه) واتە دڵسۆزترین و ڕاسترین بێت . پێیان ووت : دڵسۆزی و بەڕاستی چۆن دەبێ ؟ فەرمووی كردەوە ئەگەر بەدڵسۆزی كراو بەڕاستی نەبوو وەرناگیری وئەگەر بەڕاستنی بوو بەڵام بەدڵسۆزی نەبێ وەرناگیرێ هەتا بە دڵسۆزی و ڕاستیيەوە نەبێ

(٤٠) زیاد لەكەسێك لەزانایان ئەم (إجماعه) یان باس كردووە لەوانە : أبن المنذرفي (الأجماع) ص٦٢ أبن قدامة في (المغنی) (١٢٧/١١ – مع شرح الكبیر) والعیني في(البنایة في شرح الهدایة) ٣٨٩/٩والخطیب الشربیني في (مغنی المحتاج) ٣١١/٤ والنووی في (شرح صحیح مسلم) ١٤/١٣ وابن أبي تغلب في (نیل المآرب)٤٣٧/١ وأبو زرعة العراقی في (طرح التثریب) ٢٤٠/٧ وزكریا الأنصاری في (شرح روض الطالب) ٢٢٨/٤.

(الخالص) : ئەوەیە کە لەبەر خوابێت (والصواب) : ئەوەیە کەلەسەر سوننەت بێت .
وە عومەری کوڕی خەتتاب لە دوعاکەیدا دەیفەرموو : ( اللهم اجعل عملي كله صالحا .واجعله لوجهك خالصا .ولاتجعل لأحد فيه شيئا) واتە: خوایە هەموو کردەوەکانم چاك بکەو وای لێ بکە لەبەر خاتری تۆبێت و بەشی کەسی هیچ تێ مەکەلەنیەتمدا.

وە ئەمە دینی ئیسلامە کە خوا ناردوویەتی بەپێغەمبەرەکانی دا و کتێبەکانی پێ ناردووە . وە ئەمە تەسلیم بوونی تەواوە تەنها بۆخوا. وەهەر کەسێ تەسلیم نەبوو ئەوە خۆبەزلزانە لەپەرستشی خوادا. وەخوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إن الذين يستكبرون عن عبادتي سيدخلون جهنم داخرين﴾ (غافر :٦٠) وە هەرکەسێك تەسلیم بوو بەخواو لەگەڵ غەیری خوا ئەوا هاوبەشی داناوە . خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿إن الله لايغفر أن يشرك به﴾ (النساء:٤٨) وەلەبەر ئەمە مافی خوای گەورە ئەوەیە کەهیچ کام لەدروست کراوەکانی نەکرێتە هاوەڵی . وەخوا نەبێ نەپەرستریێ و لەخوا نەبێ نەترسرێ . بۆ خوا نەبێ پارێزکاری نەکرێ و بەخوا نەبێ پشت نەبەسترێ و لەخوا نەبێ نەپارێتەوە هەروەك دەفەرموێ :﴿فإذا فرغت فانصب ، وإلى ربك فارغب ﴾ (الأنشراح :(٧-٨) وە دەفەرموێت ﴿ وقضى ربك ألا تعبد إلا إياه﴾( ألإسراء:٢٣) وە دەفەرموێ ﴿ومن يطع الله ورسوله ولم يخش إلا الله ويتقه فأولئك هم الفائزون﴾ (النور: ٥٢) کەواتە : گوێڕایەڵی بۆ خواو پێغەمبەر وترسانو پارێزکاریش تەنها بۆخوا .

وەخوای گەورە دەفەرموێ ﴿ولو أنهم رضوا ماآتاهم الله ورسوله وقالوا حسبنا الله سيؤتينا الله من فضله ورسوله إنا إلى الله راغبون﴾ (التوبة :٥٩) کەواتە ئومێدی تەنها بۆلای خواو پشت بەستن تەنها بۆ خواو بەڵام وەرگرتن لەخواو پێغەمبەر(ﷺ). وەك دەفەرموێ : ﴿وما آتاكم الرسول فخذوه ومانهاكم عنه فانتهوا ﴾ (الحشر: ٧).

## (تەرازوو : قورئان وسوننەتە)

وەحەڵاڵ ئەوەیە کە ئەو حەڵاڵی کردەوەو حەرام ئەوەیە کە ئەو حەرامی کردوەو دین ئەوەیە کە دیاری کردوەو بۆهیچ کەسێك نیە لەشێخ و پاشاو زاناو پێشەوا و مامۆستا کان و هەموو خەڵکی کەلەمە دەربچن . بەڵکو لەسەر هەموو خەڵکی پێویستە کە پەیوەست بن بەودینی ئیسلامەوەی کە خوا پێغەمبەرەکەی پێناردووە و پێویستە هەموویان بچنە ناو دینی کۆتا پێغەمبەرو سەرداری نەوەکانی ئادەم وپێشەوا ی خواناسان و چاکترینی دروست کراوان و بەڕێزترینیان لەلای خوای گەورە محمد بەندەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) . وەهەر کەسێك فەرمانێکی دا جا هەر کەسێك بێت ئەوا دەدرێتە بەردەم قورئان و سوننەت : ئەگەر

گونجا لەگەڵیدا وەردەگیرێ ئەگینا ڕەت دەكرێتەوەو وەرناگیرێ . وەلە(الصحیحین) دا هاتووە كەپێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی : **((من عمل عملا لیس علیه أمرنا فهو رد))** [٤١] . واتەهەركەسێك كردەوەیەكی كرد كەفەرمانی ئێمەی لەسەر نەبوو ئەوە ڕەت دەكرێتەوە . وەئەگەر شێخ و زاناكان لەحاڵ و ووتەكانیان دا : چاك و خراپ ، وڕێنموونی وگومڕایی و ڕاستەرێ و لادانی تێدا بێت پێویستە ئەوە بگەڕێنەوە بۆلای خواو پێغەمبەر (ﷺ). وە ئەوەی وەرگرن كە خواو پێغەمبەرەكەی قبوڵیەتی و ئەوە ڕەت كەنەوە كە

خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) ڕەتیان كردۆتەوە . ئاخۆ حاڵی مامۆستاكان و هاو نموونەی ئەوان چۆن بێت ؟! وەخوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ **یا أیها الذین آمنوا أطیعوا الله وأطیعوا الرسول وأولي الأمر منكم فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله والیوم الآخر . ذلك خیر وأحسن تأویلا** ﴾ **(النساء : ٥٩) وە دەفەرموێ :** ﴿**كان الناس أمة واحدة فبعث الله النبیین مبشرین ومنذرین . وانزل معهم الكتاب بالحق لیحكم بین الناس فیما اختلفوا فیه .و مااختلف فیه إلا الذین اتوه من بعد ما جاءتهم البینات بغیا بینهم . فهدى الله الذین آمنوا لما اختلفوا فیه من الحق بإذنه والله یهدي من یشاء إلى صراط مستقیم** ﴾(البقرة : ٢١٣)

لەخواداكارین كە ڕێنموویی خۆمان و هەمو براكانمان بكات بۆسەر ریگا ڕاستەكەی . ڕێگەیئەو كەسانەی كە نیعمەتی بەسەردا رژاندوون لەپێغەمبەران و ڕاست گۆیان و شەهیدان و پیاو چاكان و لەگەڵ ئەوان دا بمانكاتە هاورێی چاكیان ...والله سبحانه أعلم [٤٢]

## تمت و لله الحمد والمنة

(٤١) أخرجه البخاری ف(الصحیح) رقم (٢٦٩٧) ومسلم ف(الصحیح) رقم (١٧١٨) .

(٤٢) تەواو بووم لەتەعلیق لەسەردان و ێشەكی بۆدانان و دەرهێنانی فەرموودەكانی لە سەری پێنووسەكەم دوای عەسری پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٦/محرم /١٤٠٩ك

لەكۆتایی دا لەخودا داواكارم : كە ئەم پەڕانە بكاتە بەڵگەبۆمان و نەیكاتەبەڵگە لەسەرمان و بەووشەكانمان كارمان كردبێ تاكاری هەموو موسڵمانان كۆبكاتەوە و بۆچاك كردنی نێوان گونجاو بێت . وەبۆ ئەمە پشتمان تەنها بەخوایەو دەپارێمەوە ، خوایە هێزو توانای بانگەوازە دڵسۆزەكانت یەكبخەو لەبەندە یەكتاپەرستەكانت لەسەر قورئانەكەی پەروەردگاریان و سوننەتی پێغەمبەرەكەیان (صلوات الله علیه وعلى جمیع إخوانه المرسلین)

## ناوەڕۆك


بابەت — لاپەڕە

پێشەکی ...............................................................(١)

پێشەکی لێکۆڵەرەوە...........................................................(٢)

کێشەی یەکەم / ئەو بەیعەتە کامەیە کە موسڵمان گوناهبار ئەبێ بەواز لێ هێنانی ..............(٧)

کێشەی دووەم : مەبەست چیە بەو کۆمەڵە (الجماعە) یەی کە

موسڵمان گوناهبار دەبێ بەوازهێنان لێی ..............................................(٢٢)

پێشەکیوەتیایەتی : فەزڵی هاویشتن لەپێناوی خوادا .......................................(٢٥)

جیهاد چاکترینی کردەوەکانە ..........................................................(٣٠)

فەزڵ دان لەنێوان کردەوەکانی جیهاددا ...................................................(٣١)

فصل: فێر بوون و فێرکردنی جیهاد لەکردەوەچاکەکانە ........................................(٣٢)

واجبێتی هاوکاری لەسەر چاکەو تەقوا و حەرامێتی دوور کەوتنەوە و پشت هەڵکردن لەیەك ....(٣٣)

حەرامێتی دەست درێژی کردن بەبێ ڕەوا ...................................................(٣٧)

سزادان نیە مەگەر بەپێی شەرع ..........................................................(٣٧)

حەرامێتی حیزبایەتی و دەمارگیری بەستەم و لەسەر ئارەزوو هەوەس................(٣٩)

دۆستایەتی کردن دەبێ بەرەواو بۆ ڕەوا بێت ..............................................(٤٠)

دۆستایەت بۆ ئیمانداران بەئەندازەی ئەو گوێ ڕایەڵی یەی خوایە کە تیایاندایە.... (٤٢)

زەم و بەخراپە لەقەڵەم دانی زۆرگوێزانەوە و هاتوو چۆ .......................................(٤٣)

ڕێ گری لەدەستێکی تێك دەرو فاسد ......................................................(٤٥)

بەخراپە لەقەڵەم دانی دۆستایەتی ڕەها : بەبەتاڵ و بەڕەوا ....................................(٤٥)

پارەوەرگرتن لەسەر ئەو کارانەی کە پشتگیری تێدا بۆ جیهاد لەپێناوی خوادا ........(٤٦)

کۆ کەرەوەی دین ......................................................................(٤٧)

تەرازوو : قورئان و سوننەتە ..............................................................(٤٨)

کۆتایی ...............................................................................(٤٩)

ناوەرۆك ..............................................................................(٥٠)